# شوێن لەڕۆمانی جەمشیدخانی مامم،کەباهەمیشە لەگەڵ خۆیدا دەیبرد

م.عزالدين صابر محمد م. بيستون عادل علي
جامعة كركوك / كلية التربية للعلوم الانسانية


خلاصة البحث

عُنصر المَكان هو إحَدى مِن العَناصر الرئيسية في الرِواية، بِحَيث تَكون فعاليته مؤپرة عَلى جَميع العَناصر الأخرى فى الرِواية بالجنب مَع العَناصر الأخرى تُكَمِل الهَيكَل الفَني للرِواية.

للمَكان أهَمية كَثيرة لجَميع كُتاب الرِواية بِحَيث إن نَجاح وجَمالة الرِواية تُكمِن في كيفية إستعمال المَكان وَسَرد الأحداث فيها بِشَكل جَميل.وأَي رِوائي إذا أُهمِل المَكان مِن الرِواية أصبَحت الرِواية غَير فَنية وَغير ناجِحة.إنَ هذة الدِراسة تَحتَ عنوان (المَكان في رِواية عَمي جَمشيد خان...) للرِوائي بَختيار عَلي تَتَناول موضوع المَكان وإستعمالة في الرِواية لأَن الرِوائي في هذة الرِواية يؤَكِد عَلى عُنصر المَكان مَع العَناصر الأخرى للرِواية لوصول الرِواية إلى قِمة فَنية رائِعة.إنَ هَذة الدراسة تَتَكَون مِن المُقَدِمة وثلاثة فصول ونَتيجة،وكُل فَصل تُنقسم إلى فَرعين .المُقَدِمة-:

متَكَونة مِن بَحث قَصير في دِراسة تِلكَ الأسباب أَلَتي دَفعَتني لأَن أخوض في غُمار موضوعنا هذا.

الفَصل الأوَل :- تطرقت الى عُنصر المَكان بِصورة عامة وتأثيراته في الرِواية وَدَور المَكان فى الرِواية.الفَصل الثاني :- تَكَلَمنا عَن أهَمية عُنصر المَكان مِن رِواية (عَمي جَمشيد خان...)وتَأثيرات المَكان عَلى الشَخصيات والاحداث.

الفَصل الثالث :- نتحدث عَن تَحديد أنواع المَكان عِندَ بَعض الكُتاب الغَربيين والشَرقيين وبَعض الروايين الأكراد ، وَتَأثيرات إستعمال عُنصر المَكان مِن رِواية (عَمي جَمشيد خان ..).النَتيجة :- وَهي مُلاحَظات تخص هَذة الدِراسة ونُقاط مُهِمة تَوَصَلنا إلَيها بَعد جُهد زَهيد ومُضَني.


## پێشەکی

لەناو ژانر یان ڕەگەزەکانی ئەدەبدا،ڕۆمان پانتاییەکی گرنگ و پڕ بەهای ئەدەبە ، یەکێکە لەو ڕەگەزانەی کە دونیایەکی پان و بەرینی هەیە ، قسە و دیالۆگی زۆری دەوێت ، بۆئەوەی مافی تەواو بەباسکردنەکەی بدرێت ، بێگومان لەناواخنی ڕۆمان و چوارچێوەکەیدا کۆمەڵێک ڕەگەز هەن ، کە هەموویان وەکو زنجیرەیەک یەکتری تەواو دەکەن و پێکەوە دەبنە تەواو کەرو بنەماو بنچینە بۆهاتنە کایەی ڕۆمان ، یان چیرۆکەکە ، هەریەکە لەو ڕەگەزانەش خاوەنی تایبەتمەندی و گرنگی خۆیانن ، دەکرێت هەریەکە لەوانەش لەناو خۆیاندا خاوەنی جۆرو پێکهاتەی جیاواز بن ، بەبێ یەکێک لەو ڕەگەزانە کەم و کورتی و ناتەواوی دروست دەبێت لەو پارسەنگ و هاوکێشەیەی کە دونیای ڕۆمان ڕایگرتووە.

یەکێک لەو ڕەگەزانەش کەجێی بایەخی ڕۆمان و ڕۆمان نوسەو دەکرێت بڵێین: قیبلەنمای ڕۆمانە ئەویش ڕەگەزی (شوێن) ە ، شوێن کێڵگەیەک یان زەوییەکە کەبەهۆیەوە ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانی لەسەر ئەزموون دەکرێت ، واتە تاوەکو شوێن یان شوێنێک نەبێت هیچ یەک لەو ڕەگەزانە ناتوانرێت کاریان لەسەر بکرێت و بێنە ناو دونیای ڕۆمان یان چیرۆکەوە ،.

لێرەدا هەوڵمانداوە گەشتێک بەنێو ڕۆمانی (جەمشیدخانی مامم کەهەمیشە باڵەگەڵ خۆیدا دەیبرد) بکەین و قسە لەسەر شوێن و جۆرەکانی بکەین چونکە لەم ڕۆمانەدا ڕۆماننوس بایەخی بەشوێن داوەو قورساییەکی زۆری شوێن بەدی دەکرێت لەچاو ڕەگەزەکانی تردا ، دەکرێت بڵێین شوێن لێرەدا جۆرە کاریزمایەکی وەرگرتووە وکاریگەری لەسەر زۆربەی ڕەگەزەکانی تر داناوە ، ئەمەش کاری ڕۆماننوسە ، زۆرجار ڕەگەزێک لەو ڕەگەزانە باڵادەست دەکات و کاریگەری دەکات لەسەر ڕەگەزەکانی تردا ، بۆیە ئێمە هەوڵمانداوە قسە لەسەر شوێن بکەین بەهەموو جۆرو و شێوەو پێکهاتەکانیەوە لەم ڕۆمانەدا ، چونکە بەپێی تێڕوانین و دیدی من هەست دەکرێت کەشوێن پانتاییەکی زۆری لە ڕۆمانەکەدا داگیر کردوە ، بۆیە جەختم لەسەر شوێن و گۆشەنیگای شوێن کردوەتەوە لەم ڕۆمانەدا ئەم لێکۆڵینەوەیە ، لەسێ بەش پێک هاتووە ، لەبەشی یەکەم باسی ،چەمکی شوێن ، ڕۆڵی شوێن لە رۆماندا ، پەیوەندی شوێن بە ڕ ترەوە باسکراون ، لەبەشی دووەمدا ، پەیوەندی شوێن بەکاراگتەر و ڕووداوەوە باسکراوە ، لەبەشی سێیەمیشدا ، باسی جۆرەکانی شوێنمان کردووە لە رۆمانی جەمشیدخانی مامم‌دا.

**بەشی یەکەم**
**تەوەری یەکەم:**
**چەمکی شوێن:**

شوێن بریتیە لەوچوارچێوەیەی کەقەبارەو بارستاییەک لەخۆدەگرێت.ڕووی زەوی خۆی شوێنی چالاکیەکانی ئادەمیزادەو لەوەتەی مرۆڤ نیشتەجێیەتی وەک شانۆ جموجۆڵو کردارەکانی خۆی تێدا پراکتیک کردوەو پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکانی لەسەر دامەزراندووە.

"نیکۆس کازانتزاکی"دەڵێێت ((ئای چەند ناخۆشە چەند لەسەردڵ گرانە کاتێک لەوخاکەی هۆگری بویت و خوت پێوەگرتوە دوردەکەویتەوە))[1] هەرلەسەرەتای ژیانی ئادەمیزاد لەسەر ڕوی زەمین، تاوەکوئێستا پەیوەندیەکی پتەو نەپچڕاو مرۆڤی بەشێێن بەستوەتەوە و ڕۆڵێکی کاریگەری لەژیانیدا گێڕاوە ، چونکە مرۆڤی بەرای بەهۆی ئەشکەوتەکانەوە توانیویەتی ژیانی بپارێزێت،کاتێک ڕووبەڕووی مەترسیەکانی دەوروبەری بۆتەوە و لەترسان پەنای بردۆتە بەر، ئەشکەوتەکان و کردویەتیە تاکەپەناگەی و تێیدا نیشتەجێی بووە،ئاشنایەتی لەگەڵیدا پەیداکردووە ، ڕازونیازو تەنگوچەڵەمەو گیروگرفتەکانی ژیانی ڕۆژانە و هەڵویستی بەرامبەریان و جۆری مامەڵەکردنیان لەگەڵیدا دیاریکردوە،لەسەردیوارەکانی تۆمارکردووە.شوێن لەنێو لێکۆڵینەوە فەلسەفیەکان و لەلای فەیلەسوفەکانیش جێگای گرنگی و بایەخە،

"ئەفلاتون"یەکێکە لەوفەیلەسوفانەی کەباسی شوێنی کردووەو دەڵێت شوێن بریتیە لەخۆگرتنی شتەکان و بونێکی ڕاستەقینەی هەیە،لەسێ مەودا پێکدێت درێژی و پانی و بەرزی.

شوێن کاریگەری کردۆتەسەر بیرکردنەوەی مرۆڤی بەرای بەڵام ئەم کارتێکردنە وەنەبێ کارتێکردنێکی یەکلای بێت تەنیا لەلایەن شوێنەوە بێت بەسەر مرۆڤ،بەڵکومرۆڤیش لەقۆناغە جیاوازەکانی ژیان کاری کردۆتەسەر گۆڕان و پەرەسەندنی شوێن. بێگومان مرۆڤیش هەمیشە هەوڵدەدات شارەزای هەبێت ، لەوشوێنەی کەلێی نیشتەجێیە تاوەکو ئاشنایەتی هەبێت بەشوێنە مەترسیەکان و بۆهەرلایەکیش جوڵابێتەوە ، نەیتوانیوە لەچوارچێوەی ئەم شانۆیە دەربازبێت و لەکاتی خوشی و ناخۆشیدا بۆمەبەستی تایبەتی بەکاری هێناوە،لەگەڵ بەرەوپێشچون و گەشەسەندنی ژیانیش شوێن پایەی خۆی نەک هەرلەدەست نەداوە بگرەزۆریش زیادی کردووەو لەڕووی بەرەوپێشچونی مرۆڤایەتیش کاریگەری هەبووە.

((مرۆڤی بەرای شوێنی وەکو ئامرازێک بەکارهێناوە،لەگەڵ ئەوانەشدا پاڵپشتیەکی باشی سەربەستیەکانی ئەوکاتەی مرۆڤ بووە و بەهایەکی هونەری ئیستاتیکی بەرزی هەبووە)) [2]

بەهۆی دابڕینی شوێنەکان لەیەکتری کۆمەڵەی جیاوازو زاروزمانی جیاواز بەدیهات،هەروەها ئەگەر ئاوڕێک لەمێژوو بدەینەوە دەبینین شەڕەگەورەکان و کوشتارگە بێ ئەژمارەکان هەر لەسەر شوێن و دەستگرتن بووە بەسەریدا .شوێن کاریگەرییەکی بەرچاوی هەبووە لەسەرمرۆڤ چونکە کاتێک تەماشای خەڵکی لادێکان یان شارنشینەکان بکەین بۆمان دەردەکەوێت کەهەموو هەوڵ وتێکۆشانێکیان بۆئەو پارچەزەوییەیە کەتێیدادەژین و ئامادەشە ژیانی خۆی لەپێناویدا ببەخشێ بەڵام کەسێکی تر لێی داگیرنەکات.بەپێی فەلسەفەی ماتریالی شوێن شێوەی بوونی کەرەستەیەکە کەجێی بوون و قەبارەی دووریەکانی تەن دیاریدەکات،واتە یەکڕک لەوبنەڕەتانەی دەبێت لەشوێندا بەدیبکرێت ئەوەیەکەدەبێت بیری گرتنەخۆی بوونی تێدا بەدی بکرێتنەم بەدی کردنەش لەکەرەستەدا دەکرێت چونکە کەرەستە بەهەموو شێوەو قەبارەجیاجیاکان و جۆربەجۆرەکانیەوە شوێنێک دەگرێت بەهیچ شێوەیەک ناتوانرێت لەشوێن جیابکرێتەوە،بۆیە بیری شوێن بەشێوەیەک لەشێوەکانی بوونی کەرەستە دادەنرێت.

هەندێک شوێن هەیە بەشوێنی پیرۆز دادەنرێت وەک(مەکە)کەئاینی پیرۆزی ئیسلام و ئاینەکانی لەوەپێش پیرۆزییەکی تایبەتیان داوەتە ئەم شوێنە،لەئێستاشدا شوێنێکی پیرۆزە بۆموسوڵمانەکان لەهەموو جیهان.بەهەمان شێوە(کەربەلا)شوێنێکە پیرۆزی خۆی هەیە لەلای شیعە مەزهەبەکان.هەندێک شوێنی تر لەڕووی ئابوری یان سیاسیەوە جێگەی بایەخە.

"د.نزار محمد"دەڵێت ((لەناوشاری لەندەن ئەگەر بەلایتی ئۆتۆمبلەکەت فلاش بۆئۆتۆمبێلێکی تر لێبدەیت،واتە بەرامبەرەکەت دەڵێت من چاوەڕێم تۆبڕۆبەڵام ئەمە واتایەکی پێچەوانەی هەیە لەشاری سلێمانیدا)) [3] ئەمەش بۆئەوەدابونەریت و بیروبۆچونانە دەگەڕێتەوە کەشوێن دروستی دەکات.هەروەها شوێن کاریگەری دەرونی لەسەر مرۆڤ بەجێدەهێڵێت وادەکات خەڵکی هەندێک شوێن هەست بەجۆرێک گەورەی بکات بەرامبەر بەخەڵکی شوێنی تر.هەندێک جار مرۆڤ بەناچاری و بەبێ ویستی خۆی دەبێت ئەوژینگەیە قبوڵبکات کەتیایدا دەژیت جاچ وەک تاک یان کۆمەڵ،مرۆڤ ملکەچی پەیوەندیە مرۆی و کۆمەڵایەتیەکان دەبێت،بۆیەدەتوانین بڵێین شوێن کاریگەری و گرنگی خۆی هەیە لەڕووی کۆمەڵایەتیەوە.

"ڕۆلان بارت"ی ڕەخنەگریش سەبارەت بەشوێن دەڵێت : ((بێمانای جێگای ڕاستەقینەی مانا دەگرێتەوە،ماناکان دەچنەخانەی هەبوونەوە من دەکەوێتە بۆشاییەوە،واتە ئەوکاتەی شوێنێک نەبێت بۆئەفراندنی ماناکان ئەوکاتە بێمانای شوێنی ڕاستەقینەی مانا دەگرێتەوە)) [4].

بێ بوونی شوێنێک بۆشاییەک دروست دەبێت، ئەوکاتەش هەموو ماناکان دەچنە چوارچێوەی نەبوونەوە،لێرەوە دەگەینە ئەو دەرئەنجامەی کەشوێن پاڵپشتێک بووە بۆمرۆڤی سەردەمانی کۆن و بەئێستاشەوە کەچ ڕۆڵێکی کاریگەرو داهێنەرانەی بینیوە لەناودەقەئەدەبیەکاندا

تەوەری دووەم:

ڕۆڵی شوێن لەڕۆماندا:

شوێن هەرگیز شتێکی وەستاو دیکۆرو ئارایش نیە بۆڕۆمان، بەڵکو دەلالەتێکی مرۆڤایەتیە کەباری ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ...هتد دەردەخات،لەئەنجامیشدا کارلەڕەفتارو سلوک و هەڵوێستیان دەکات))[5]. شوێن لەڕۆماندا وەک جێگەی سروشتی شوێنێکی دیاریکراوە ، لەتواناشدا هەیە درکی پێبکەین هەرچەندە بەوشەوڕستە دەردەبڕدرێت و لەتێکستدا بەرجەستەدەکرێت،شوێن لەڕۆماندا گرێدەری کەسایەتیەکانە بەڕووداوەکانەوە ، بەواتایەکی تر ئەوکەسایەتیە چوارچێوەی شوێنەکان دەبڕێت بۆ دیاریکردنی گۆشەنیگا یان ڕووداوەکان ، هەربۆیە دەبێت شوێن لەسەرانسەری ڕۆمانەکەدا بەژداربێت و کاریگەری خۆی هەبێت و بەشێکی گرنگی پانتای و ڕەهەندی ڕۆمانەکە داگیربکات.

شوێن بەزۆری لەڕۆماندا لەشێوەی چەند دیدگایەک دێتەبەرچاو، جا ئەودیدگەیە دووربوو یان نزیک لەژێرئاستی نیگاوەبوو یان لەسەرووی گۆشەنیگاوەبوو یان تەنگەبەرواداخراوبوو یان کراوەو ڕووناک بوو یان جوان و پوختەبوو یان دزێو یان شارو لادێ و تەلارو کوخت و ...هتد.

جابەوپێیەش هاوشانی دۆخی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی دەوەستێ وەک دەرەبەگ و جوتیارو دەوڵەمەندو هەژارو بورجوازو کرێکارو چەوسێنەرو چەوساوەو نیشتیمان پەروەرو خۆفرۆش...هتد.

سەبارەت بەشوێن دەتوانین بڵێین بەشێوەیەکی گشتی شوێن بەبەشێکی گرنگی ناوڕۆمان دادەنرێت ، کەزمان دروستی دەکات و بەبێ شوێن هەست بەکەموکورتی توخمەکانی تری ڕۆمان دەکرێت چونکە هەتا شوێن نەبێت کەسایەتی نابێت ، ڕووداو ڕوونادات بەتایبەتی لەڕۆمانە ڕیالیزمیەکاندا ، ئەگەر ئەوشوێنە تەنیا ژوورێکیش بێت،هەرسەبارەت بەشوێن لەدەقەئەدەبیەکانداو لەناوڕۆماندا بەتایبەتی دەتوانین بڵێین ڕەگەزێکی بنەڕەتیە شان بەشانی ڕەگەزەکانی تر بینای هونەری ڕۆمان پێک دەهێنێت.

((شوێن بەهایەکی هونەری ئیستاتیکی بەرزی هەیە و هەرلەیەکەم سەرنجدانمان بۆی کۆمەڵێک شتمان بۆئاشکرا دەبێت و کۆمەڵێک پرساریشمان لەئەگەری بەواقیع بوونی شوێنەکە لەلا دروست دەبێت))[6]. کەم جار ڕۆمان نووس کارلەسەر ئەوەدەکات شوێن تەنیا یەک ڕەهەندی هەبێت و ڕووداوەکان لەسایەیدا ڕوبدەن بەبێ هیچ کاریگەرییەکی ئەوشوێنە لەسەر ڕووداوکەسایەتیەکان وەک ئەوەی لەڕۆمانە ئایدیا زاڵەکان دەردەکەوێت و شوێن جگە لەپەردەیەکی دەرەکی بۆدەروازەکانی ڕووداوەکان بۆهیچ مەبەستێکی تر سودی نەبوو،ئێستا شوێن بەومانا تەقلیدیەی سەیر ناکرێت و ڕۆمان نووسی ئێستا وەک ئەوانەی سەدەی نۆزدەیەم خۆیان بەڕازاندنەوە و وەسف کردنی کوچە و ماڵ و شەقامەکان خەریک ناکەن ، بەڵکو مەبەست لێی بەدیارخستنی وەزیفە شاراوەکانی شوێنە ، لەکاریگەری بەسەرکەسێتی و ڕووداوەکان بۆیە شتێکی ئاسای و چاوەڕوانکراوە ، کەتەنانەت جاری وا هەبێت ڕۆمان نووس وەسفی شوێنێک بکات کەلەبنەڕەتدا بوونی نەبێت.

زۆرجار ڕۆمان نووس بەبەکارهێنانی تواناو سەلیقەی خۆی دەتوانێت ئالوگۆڕییەک و تێکهەڵکێشێکی وا لەگەڵ شوێندا بکات ، کەخوێنەر توانای جیاکردنەوەی شوێنی ئاسای دەقی نەبێت ، چونکەدەق هەندێک جار شوێنی واقیعی نیە ، زادەی خەیاڵی نووسەرە،شوێن خاڵی بەیەک گەیشتنی بنەماکانی دەقەکەیە هەریەکێک لەبنەماکانی دەق بەگوێرەی پێداویستی خۆی شوێن بەکاردەهێنێت، بەم شێوەیە شوێن لەڕۆماندا دەبێتەڕەگەزێکی کاریگەر لەپەرەسەندن و بنیاتناندا.

هیچ دەقێکی ئەدەبی ناتوانێت خۆی لەشوێن بەدووربگرێت ، لەبایەخی کەم بکاتەوە،چونکەشوێن گۆڕەپان و پانتای خودو دەقی ئەدەبیشە،شوێن بەشێوەیەکی پتەو مرۆڤ پەیوەست دەکات بەڕابردوو ئێستاو داهاتوو لەم ڕوانگەیەشەوە شوێن دەبێتە ژیانی گشتی مرۆڤ و سەرچاوەی خوێندنەوەی زۆرێک لەڕووداوەکان))[7]لەناو دەقەئەدەبیەکان شوێن بەبێ جوڵە نابێت دەتوانرێت جوڵە بەڕەگەزی شوێن بدرێت.

زۆرجار ئاراستەی ڕووداوەکان لەژێر کاریگەری شوێندارێژەوێکی تر وەردەگرن، بەم پێیەش شوێن لەوەدەردەچێت کەتەنیا چوارچێوەیەک بێت بۆدەقەکە بەکاربهێنرێت ، بەڵکو بەشێکی گرنگی دەقەکەیە و وەک کۆڵەگەیەکی سەرەکی ڕاگرتنی بنیاتی هونەری دەق لێکدانەوەی بۆدەکرێت.

ڕۆڵی شوێن و گرنگی لەناو ڕۆماندا تەنیا لەمانەدا دەرناکەوێت ، بەڵکو هەندێک جار لەوەدا دەردەکەوێت کەلەهەندێک کاتدا دەبێتە ئەوبارەی کەهەموو ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان لەخۆ دەگرێت وەک ڕووداو کارەکتەرەکان و پەیوەندیەکانیان و کەشێکی وادەڕەخسێنێت بۆکەسەکان تاوەکو بیروڕای خۆیان دەربڕن و یارمەتی پێشخستنی بنیاتی ڕۆمان دەدات و هۆکارێکە بۆدەرکەوتنی پاڵەوان و گۆشەنیگای گێڕەرەوەش دیاری دەکات،واتە گێڕەرەوەش دەتوانێت لەڕێگای چۆنیەتی بەکارهێنانی جۆری شوێنەکەوە مەبەست و ئارەزوی خۆی نیشان بدات،لەڕێگای وەسفکردنی شوێنەوە لەبارەی دەرونی کەسایەتیەکانی ناوڕۆمان تێدەگەین.

گەورە ڕۆمان نووسی ڕوسی"دۆستۆڤیسکی"لەڕۆمانی (تاوان و سزا) کەیدا وەسفی ئەو ژوورەمان بۆدەکات کەکارەکتەری سەرەکی ڕۆمانەکەی (ڕاسکۆڵین) تیایدا دەژیا لەوەوە بۆمان ڕووندەبێتەوە کەلەڕووی دەروونیەوە چەند ئاڵۆزەو بێ هیوایە،بۆیە وەسفکرنی شوێن یارمەتیەکی زۆرمان دەدات بۆئەوەی لەکەسایەتی و باری دەروونی کارەکتەرەکان تێبگەین.

شوێن دەتوانێت ببێتە گوزارشتکەر لەبارەی دەروونی و کۆمەڵایەتی کەسێتیەکان بەهۆی ئەوتایبەتمەندیانی هەیەتی لەڕووی پێگەوە))[8]. هەربۆیە ناتوانرێت لەڕۆمانێکدا کەباس لەمرۆڤ دەکات و باس لەحاڵەتە دەروونیە جۆربەجۆرەکانیەتی و باری ئابوری و ژیانە کۆمەڵایەتیەکەیەتی باس لەڕووداو گەلێکە کەهەردەبێت لەشوێنێکدا ڕوو بدات، کەپەیوەستە پێوەی بەکارهێنانی ڕەگەزی شوێن لەناو ڕۆماندا لەڕۆمان نووسێکەوە بۆ ڕۆمان نووسێکی تر دەگۆڕێت و شێوازی جیاواز لەخۆدەگرێت ئەمەش ئەوەمان بۆدەردەخات کەشوێن ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر دەگێڕێت لەناو دەقەئەدەبیەکاندا.

زۆربەی ڕۆمان نووسەکانمان ئەو ژینگەو شوێنەیان بۆڕووداوەکانی نێوڕۆمانەکانیان هەڵبژادووە کەوا خۆی تێیدا لەدایک بووە یان ماوەیەک تیایدا ژیاوە))[9]. ئەمە لەڕۆمانەکانی "دۆستۆڤیسکی"دا دەردەکەوێت کەبەشی هەرەزۆریان ڕوسیا مەیدانی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکانیەتی،وەهەروەها لەڕۆمانەکانی"بەختیار عەلی"شدا دەردەکەوێت کەشاری سلێمانی کردۆتە شوێنی ڕووداوەکانی ڕۆمانەکانی،چەندین ڕۆمان نووسی تریش کەزۆربەی کات ئەوشوێنە شوێنی ناوڕۆمانەکانیانە کەتێیدا لەدایک بونەو یادگارییان تێیدا هەیە.

بۆیە دەبێت ڕۆمان نووس شارەزاییەکی باشی هەبێت لەوشوێنەی کەباسی دەکات بۆئەوەی لەکاتی وەسفکردندا نەکەوێتە هەڵەوەو سەرکەوتوبێت تێیدابەختیار عەلی"ش لەسەرەتای زۆربەی ڕۆمانەکانیدا لەشاری سلێمانیەوە دەست دەکات بەگێڕانەوەی ئەوچیرۆکەی کەزادەی بیروخەیاڵیەتی.

## بەشی دووەم

### تەوەری یەکەم:

### گرنگی شوێن لە ڕۆمانی جەمشیدخانی مامدا:

هەرگیز ماددە ناتوانێت لەدەرەوەی شوێن بوونی هەبێت ، ئەمە پێناسەی شوێنە کەشێوەی بوونی ماددەیە ، هەرچی شتێک کە لەجیهاندا ڕوودەدات لە چوارچێوەی کاتدایە ، کەواتە کاتیش شێوەیەکە لەبوونی ماددە))[10] . لەم پێناسەیەی سەرەوەدا دەگەینە ئەوەی کەشوێن و کات پەیوەندیەکی نەپساویان بەیەکەوە هەیەو مەحاڵە لێک جوودا بکرێنەوە ، شوێن بەبێ کات بوونی نیە ، هەروەها کاتیش بەبێ شوێن نەبووە،وەبەهەمان شێوەش بەو پەیوەندیەی کەلەنێوان کات و شوێندا هەیە دەتوانین پەیوەندی نێوان شوێن و ڕووداو دیاری بکەین ، لەسەر ئەو بنەمایەی کەشوێن لە ڕۆمان و چیرۆکدا بەبێ ڕووداو بونی نیە،هەروەک چۆن شوێن بەبێ کەسایەتی هەر بوونی نیەو کەسایەتیش بەبێ شوێن بوونی نیە، ((هەرگیز ناکرێت ڕۆمانێک بەبێ شوێن بهێنرێتە بەرچاو،بەڵام دەکرێت کات نەگرێتە خۆ، یان ڕەگەزی کاتی تیادا بمرێنرێت،هەندێک جار کات دەستەڵات لەدەست دەدات و هیچ گۆڕانکارییەک بەدەست نایەنێت))[11]. هەر لەبەر ئەم بایەخ و گرنگی شوێنەیە کە زۆر لەڕۆمان نوسان و چیرۆک نوسان قورساییەکی زۆر دەخەنە سەر ڕەگەزی شوێن و جگە لە دەستەڵاتی شوێن هیچ دەستەڵاتێکی تر بەدی ناکرێت لەنوسینەکانیاندا،واتە شوێن بەقوڵی جێگای خۆی کردوەتەوە لەنوسینەکانیاندا،گرنگی شوێن لەوەدا دەرناکەوێت ، کەڕەگەزێکی هونەرییەو شوێنی ڕوودانی ڕووداوەکانە و کارەکتەرەکان جوڵەی تێدا دەکەن،بەڵکو لەوەدا دەردەکەوێت کەلەهەندێک کاتدا دەبێتە ئەوبارەی ، کەهەموو ڕەگەزەکانی تری ڕۆمان لەخۆ دەگرێت وەک و ڕووداو کارەکتەرەکان و پەیوەندیەکانیان،کەشێکی وادەدات بەکەسەکان تاوەکو بیروڕای خۆیان دەربڕبان و یارمەتی پێشخستنی بینای ڕۆمان دەدات ،هەروەها هۆکارێکە بۆ دەرکەوتنی پاڵەوان.

شوێن لە ڕۆمانە کۆنەکاندا تەنها وەک شانۆی ڕووداوەکانە،واتە کارەکتەرەکان لەسەری دەجوڵێنەوەو ڕووداوەکانی تیادا ڕوودەدەن و بەلای ڕۆمان نوسەوە گرنگی زۆر پێنادرێ ئەمە لەڕۆمانە کلاسیکیەکاندا،بەڵام لەڕۆمانە ڕۆمانسیەکاندا شوێن دەربارەی دەرونی کارەکتەرەکان و هاو هەڵوێستیانە بۆبینینی ژیان و بونەوەرو هەڵگری هەندێک لەبیرەکانیشە))[12]. بەم پێیە شوێن دەتوانێت ڕەنگدانەوەی ناخی کارەکتەرو دەربڕی،جۆرو چۆنیەتی بیرکردنەوەیان بێت،هەندێک جار شوێن دەچێتە کرۆکی ڕووداوەکانەوەو لەناکاو کار لەهەڵسوکەوتی کەسەکان دەکات و هەڵوێستیان دەگۆڕێت،هەندێک جاریش بەپێچەوانەوە شوێن شتێکە هەر تەنیا ڕووداوەکانی تیادا ڕوودەدات یان کەسەکان تیادا دێن و دەچن ئیترئەرکی دیکەیناکەوێتەسەر ،غالب هلسا" لەبارەی گرنگی و بایەخی شوێن لەڕۆماندا دەڵێت ((شوێن ئەو بڕبڕەی پشتەی  ڕۆمانە کەهەموو بەشەکانی ڕۆمان بەیەکەوە دەبەستێتەوە))[13]. بەڵام لەڕۆمانە کۆن و کلاسیکیەکاندا تاڕادەیەکی زۆر ئەو گرنگی و بایەخە بە ڕەگەزی شوێن نەدراوە، زۆرجار تەنیا وەک و چەمک و ڕەگەزێکی ڕووت بۆ پراکتیزەکردنی هەڵسوکەوتی کەسەکان بەکار هاتووە، کەم تازۆر کاریگەری لەسەر کەس و ئاڕاستەی ڕووداوەکان نەبووە،بەڵام ئەم گرنگی پێنەدانەی شوێن لەلای ڕۆمانسیەکان تەواو پێچەوانە بووەوە و جەختیان دەکردەوە سەر ڕەگەزی شوێن.

شوێن بەلای مرۆڤەوە سەرچاوەی کامەرانیە،مرۆڤی چێژوەرگر ئەو مرۆڤەیە کەهەمیشە بەدوای درێژکردنەوەی زەمەن و ڕاهاتن لەمانەوە لەشوێندا دەگەڕێت))[١٤] . زۆرجار شوێن بۆ مەبەستی گرنگی پێدان و شانازی کردن بەزێدی باپیرانەوە بەکاردێت،وەهەروەها شوێن دەتوانێت هەستێکی قوڵ بەرامبەر بەشوێنی دانیشتن و خاکی نیشتیمانەوە دەرببڕێت،چونکە مرۆڤ هەردەم وابەستەیشوێن و خاکی باپیرانیەتی و لەهەر شوێن و قۆناغێکدا بێت ئومێدی بۆ زێدی خۆی لەدڵدا دەمێنێت،لەم ڕۆمانەشدا بەختیار عەلی ئەم گرنگی و بایەخی شوێنەی دەرخستوە کاتێک لەیەکەم فڕینیەوە تاکەوتنەوەی جەمشید خان بۆسەر زەوی و لەناو بەشێکی زۆری شوێنەکانی سەرزەوی،دووشوێنی دیار لەلای جەمشید خان کاریگەری و بایەخ و گرنگی خۆی هەیە،ئەوانیش "بارانۆک و ژوورەکەی خۆیەتی" بۆیە لەجاری یەکەم کەدەکەوێتەوە سەر زەوی پەنا بۆ "بارانۆک" دەبات،ئەویش لەبەر ئەوەی کە شوێنی یادەوەرییەکانی منداڵی بووە، لەلایەکی تریشەوە لەترسی ڕژێمی بەعس . ((دەرکەوتنی گرنگی و بایەخی شوێن هاوکات لەگەڵ واقیعی بوون یان خەیاڵی بوونی شوێن لەڕۆماندا،پابەندە بەو بیرەی کەڕۆمان نووس لەدەقی ڕۆمانەکەیدا تەوزیفی دەکات))[١٥] . زۆر لەلێکۆڵەران لەوباوەڕەدان کاتێک کەنووسەر چاوی بەرامبەر بەجوڵەی شوێن دادەخات و ئەم ڕەگەزە تاڕادەیەک پشت گوێ دەخات ، تەنها چاو دەبڕێتە سەر بەرەو پێشچوونی بیری خۆی،ئەوا ئەو ڕۆمان نووسە هەقی تەواو بە ڕۆمانەکەی نادات و بەرهەمەکەی نابێتە هۆی ئەوەی کە شەپۆلێک لە خوێنەریبۆزیاد بێت ."ئی،ئێم،فۆستەر" دەڵێت : ((مەزنی و گەورەی ڕۆمان دەگەڕێتەوەبۆسەرکەوتویی و جوانیلەبەکارهێنانیڕەگەزی شوێندا))[١٦] . واتە لەمەوە دەگەینە ئەو ڕاستیەی کەمەزنی و جوانی هەر ڕۆمانێک مەرج نیە ! تەنیا پابەند بێت بە بابەتی ڕۆمانەکەوە،بەڵکو ئەم مەزنیە لەدرێژەدانی شوێنیشەوە هەڵدەقوڵی هەروەها هەست کردن لەلای زۆرێک لە ڕۆمان نووسان هەیە بەڵام هەموویان هەستی درێژەدانیان بۆشوێن نیە . بێگومان سەرکەوتنیش لەبەکارهێنانی ڕەگەزی شوێندا پابەندە بە بەرفراوانی هۆشیاری ئەو نووسەرەوەو چاوکراوەی بەرامبەر بەجوڵەی شوێن، ((پشت کردنە شوێن و باس نەکردنی نرخ و بەها سەندنەوەیە لەشتەکان، بەپێچەوانەشەوە ڕووکردنە شوێن و بایەخ پێدانی نرخ و بەهایەک بەشتەکان دەبەخشێتبۆنموونە لەوڵاتێکی بێبارانی و وشکانی وەک و ئەفریقیا زاراوەیەک نیەبەرامبەربە (باران) بۆیە مایەی سەرسوڕمان نیە ئەگەر لەوڵاتێکی بێ ڕووبار بەلەم هیچ نرخێکی نەبێت و دراوێکی قەڵبیش نەکات،یا لەوڵاتێکی شاخاویدا هێسترێک لە ئوتومبیلێک پێویست ترو چاکتر بێت، یا لەبیاباندا پیرە حوشترێک نەگۆڕنەوە بەگەورەترین کەشتی دەریایی))[١٧] . کەواتە بەگۆڕینی شوێن، زمان و جلوبەرگ و خۆراک و ڕەنگ و ئاکاری داب و نەریت و نرخ و بەهاو ڕادەی پێویستی شتەکان و گەلێک شتی تر دەگۆڕێت، بەهەمان شێوەش بەبێ شوێن چینایەتی و تەمەن و ئاستی ڕۆشنبیری و ڕەگەزنامە و بەهای شوێن و چەمکی شوێن دەگۆڕێت.

شوێن یەکێکە لە ڕەگەزە سەرەکیەکانی ڕۆمان و گرنگی و بایەخی تایبەت بەخۆی هەیە، هەموو چیرۆک نووس و ڕۆمان نووسێک نووسینی تایبەت بەخۆی هەیەو شێوازی داڕشتنی دەقە ئەدەبیەکان لەنووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر دەگۆڕێت، گرنگی شوێن لەڕۆمانێکی وەک (جەمشید خانی مامم کەهەمیشە با لەگەڵ خۆیدا دەیبرد) ئاسان نیە بتوانین بەدێرێک یان دووان کۆتای پێبهێنین چونکە ڕۆمان نووس گرنگیەکی زۆری بەشوێن داوە، بەڵام شوێن وەک بوونێکی نوێ کەمەبەستمان لێی ئاوێزانکردنی جۆرەکانیەتی((ڕۆمان نووس زۆر لێزانانە توانیویەتی مامەڵە لەگەڵ شوێندا بکات، بۆیە دەبینین شوێنی واقیعی لەڕێگای گێڕانەوەوە دەگۆڕێت بۆ شوێنێکی خەیاڵی/فەنتازی))[١٨] .

ئەگەر ئێمە لە ڕۆمانێکی وا پڕ بایەخ ورد بینەوە ، چەندین بۆچوون و بیرکردنەوەی جیاواز ڕوبەڕومان دەبێتەوە ، ئەمەش لەخوێنەرێکەوە بۆ خوێنەرێکی تردەگۆڕێت ، بیرکردنەوە و تێگەیشتنمان حوکم لەسەر ئەم ڕۆمانە دەکات.

بەبڕوای من ئەوەی لەم ڕۆمانەدا "بەختیار عەلی" نوسیویەتی ، لەزۆربەی ڕۆمانەکانی تردا بەشێکی بچوکی وەک و ڕووداو باس کردووە، هەرچەندە ئەم ڕۆمانە لەزۆربەی ڕۆمانەکانی تری بەقەبارە بچوکترە ، بەڵام بەتێگەیشتنی من ئەوەی نوسەر لەم ڕۆمانەدا وتویەتی ، ڕەنگە بەشێوەیەکی گشتی لەڕۆمانەکانی تردا نەیگوتبێت)[١٩] . ڕۆمان نووس لەپاڵ ئەوەی کە پەنای بردوەتە بەر ڕەگەزە هونەرییەکانی ڕۆمان وەک گێڕانەوە ، کات ، کەس و ڕووداو .....هتد ،

شوێنیش بەدەر نیە لەو ڕەگەزە گرنگ و پڕ بایەخانە ،کە بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا دەبینرێت ، کە ڕۆمان نووس چ گرنگی و بایەخێکی بەشوێن داوە، وەک چۆن مرۆڤ هەمیشەو بە بەردەوامی یەک جۆرە ژیان چاوەڕێی ناکات بەڵکو مرۆڤ هەمیشە لەگۆڕاندایە ، بەرە و پێشەوە دەڕوات ئەویش لەئەنجامی ئەو هەموو شۆڕش و ڕاپەڕینە زانستیانە، ئەمانە نەک تەنیا مرۆڤی بەرە و شوێنێکی تر برد بەڵکو ئەدەبیاتیش پشکێکی ئەو نوێبونەوە هاوچەرخێتیەی بەرکەوت ، بەرە و ئاڕاستەیەکی تر هەنگاوی نا ، ڕۆمان نووس کە ئەو دەقە ئەدەبیەی نووسیوە ، چیتر وەک ڕۆمانە کۆنەکان بیری نەکردۆتەوە، بەڵکو هەنگاوی بەرەو پێشەوە بردوە لەناو هەموو ڕەگەزە سەرەکیەکانی دەقەکەو بەکاربردنیان ، ((هەڵبژاردنی دەست ئاوردی شوێن بەشێوەیەکی ئاشکرا پشت بەشەخسیەتەکان و چیرۆکەکەت دەبەستێت ، بەڵام ئەو دیمەنانەی کەهەڵت بژاردون کارێکی زۆر دەکاتە سەر ئەو کەش و هەوایەی ، کە وروژاندوتە، بەو مانایەی ئەمە شایستەی بایەخێکی تایبەتە ، چونکە تۆ دەتوانی هەست بدەی بەملی خوێنەری تەمومژ، گۆشەگیری و هێمنی، زەبر و کزە، شادی یان هەر کەسێک لەوانە،لێرەوە دەگەینە ئەو بڕوایەی شێوازی نوسینی ڕۆمان و دەقی ئەدەبی لەنوسەرێکەوە بۆ نوسەرێکی تر دەگۆڕێت، بەهەمان شێوەش شوێنەکان گۆڕان و جێگۆڕکێیان پێدەکرێت))[٢٠] .

دەبێت ڕۆمان نووس شارەزاییەکی باشی هەبێت لەسەر ئەو شوێنانەی کە لە ڕۆمانەکەیدا ناوی هێناون یان باسی کردون بەخەیاڵی و واقیعیەوەچونکە ئەگەر بەو شێوەیە نەبێت دەقەئەدەبیەکە ئەو چێژو بایەخەی نامێنێت و لە ڕۆمانێکی سادە دەکات و ناتوانێ زۆرترین خوێنەر لەدەوری خۆیکۆبکاتەوە. لە ڕۆمانێکی وادا دەبێت ڕۆمان نووس زۆربەی شوێنەکان شارەزای لێیانەوە هەبێت ، نەبێتە ڕۆمانێکی پڕاوپڕ لە خەیاڵ ، چونکە ئەوکاتە لەقالبی ڕاستەقینەی خۆی دەردەچێت، هەرچەندە خەیاڵ دیوێکی تری واقیعە ! بەڵام ئەمە نابێتە پێوەرێک بۆ سەراوبن کردنی ڕۆمانێک ، چونکە لێرەدا نوسەر بەئەندازەیەک خەیاڵی بەواقیعەوە گرێداوە ، ((ئەگەر بەوردی لەم ڕۆمانە ورد بینەوە تێدەگەین کەئەم ڕۆمانە لەسەرەتاوە تیشکی خستوەتە سەر مەسەلەیەک ئەویش "فڕین"ە، واتە جەخت لەسەر مەسەلەی "فڕین" دەکاتەوە))[21].

دەکرێت بڵێین: ڕەمزی "فڕین" ئارەزوویەکی کپ کراوی گۆڕینی شوێنە، یانخستنەڕووی چەندین جۆری شوێنی جۆراوجۆرە ، ئەم ڕۆمانە مەسەلە سەرەکیەکەی فەلسەفەی"فڕین"ە بەشێوەیەکی واقیعی/خەیاڵی لەقاڵبێکی هونەری داڕێژراو دا ، کاریگەری"با"ش لەسەر فڕینەکان وەک کەرەستەیەکی گرنگ و کاریگەر بۆ مەسەلەی"فڕین" لەپاڵ ئەمانەشدا شوێنیش ڕۆڵێکی گرنگ و پڕ بایەخی گێڕاوە ، چی وەک ڕەگەزێکی سەرەکی ، چی وەک ئەوەی توانیویەتی ڕووداو کەسایەتیەکان و فڕینەکان و کەوتنە خوارەوەکان لەخۆ بگرێ ،! بەڵام کاتێک خوێنەر دەست بە خوێندنەوەی ئەم ڕۆمانە دەکات ، دەچێتە نێو جیهانێک پڕاوپڕ لەخەیاڵ ، لەوێدا هەموو شتەکان لەتێکەڵ بونێکی تەواودا نقومن بە جۆرێک هەست دەکەیت ، کە شتەکان لە پەیوەندیەکی سەیردا ! بەنێو یەکتریدا ڕەت دەبن و یەکتری دەبڕن،هەر لەساتی یەکەمەوە تۆ دەزانیت لەنێو خودی خەیاڵدا نیشتەجێییت، وەک چۆن هەندێک شوێنی خەیاڵی لەخودی ڕۆمانەکەدا بەرچاو دەکەوێت ، لەلایەکی ترەوە ئەم ڕۆمانە لەسەر دوو تەوەری سەرەکی کار دەکات، یەکەمیان"فڕین"و فەلسەفەی"فڕین"ە کە ڕۆمان نووس لەم ڕووەوە زمانێکی ئەفسانەی هەیە،تەوەری دووەم کەلەم ڕۆمانەدا کاری لەسەر کراوە "مێژوو"ە ،بەڵام مێژوو بەو مانایە نا کەوەک مێژوو نووسێک تەفسیر بۆ مێژوو بکات،بەڵکو بەپێچەوانەی ئەو مێژووە وە، مێژووی ڕۆمان سەرچاوەکەی فەلسەفەی ڕوانینە ، بۆ تایبەتمەندی مێژوو لەکرۆکی ڕووداوەکان))[22]. ئەمەش زیاتر بەرەو ئاڕاستەیەکی ترمان دەبات، بەوەی کە ڕۆمان نووس کاری لەسەر شوێن کردوە ، وەک ڕەگەزێکی سەرەکی لەڕۆمانەکەیدا بەرجەستەی کردوە ، کەئەمەش لەڕێگەی ڕووداو کەسایەتیەکان ، کێشەو گیرو گرفتەکانەوە زیاتر دەردەکەوێت .

## بەشی دووەم

### تەوەری یەکەم:

### پەیوەندی شوێن بەکارەکتەرو ڕووداو:

پەیوەندی شوێن بەکارەکتەرو ڕووداو لە چەمشیدخانی مام "عەبدول ڕحمان مونیف"دەڵێت : ((ئەگەر شوێنی مرۆڤ گۆڕا، ئەوا سروشت و باریدەرونیشی دەگۆڕێت)) [23]. ئەم گرنگی چڕکردنەوەیە ، دڵ پێوەبونە بۆشوێن لەڕادەیەکدایە ، کە گەلێک ڕۆمان و چیرۆک و شانۆگەری هەر بەناوی شوێنەوە ناونراون وشوێن بۆتە دەفری ڕووداوەکانی لەخۆی گرتوە ، وەک ئەوەی شوێن پاڵەوانی سەرەکیبێت،لەگەڵ ئەمانەشدا شوێن ڕۆڵ و کاریگەری خۆی دەبێت،لەسەر کەسەکانی ناو ڕۆمانەکە وگۆڕان دروست دەکات ، لەسەر کەسایەتیان ."عەبدوڵا سەراج" چیرۆک نووسی عەودالی دوای جوانیەکان دەربارەی ڕۆڵ و کاریگەری شوێن و گوتاری فەلسەفی شوێن دەنووسێت ((دەمێکە دڵنیام لەوەی کەشوێن تەنیا ئەوە نیە ! کە لەخوڵگەمان دایە و بەس، بەڵکو لەژوورەوەشماندا شوێن هەیە ! هەروەها لەتەنیشت هەر سەرگوزەشتەیەک و گرفت و ئاستەنگەکاندا ، هەروەها کاتی زیندوش هەیە کەئەوەنیە بەکاتژمێرو سوڕانەوەی گۆی زەوی تۆماری دەکەین، بگرە تێکەڵ و گرژوخاو پاش و پێشەکی ناخی مرۆڤە))[24] .شوێن لەلای نووسەری کارامە و هونەرمەند پانتاییەکی فراوانتر لەبونە جوگرافیەکەی وەردەگرێت ، هەندێک جار مانایەکی فەلسەفی گەورەتری بە باڵادا دەبڕێت و شوێن دەکاتە ڕەگەزێکی بەنرخ بۆ پتەوکردنی چیرۆک و ڕۆمانەکەی ، ڕۆمان وەک پێکهاتەیەکی سەرەکی کەبنەما هونەرییەکانی خۆی لەئەستۆ دەگرێت ،لەدووتوێی دەقە ئەدەبیەکە یان بەرهەمەکە ،هەست دەکەیت کە زۆربەی ڕووداوەکان و کارەسات و کات و شوێنەکان و کارەکتەری ناو ڕۆمانەکە، پەیوەنیەکی پتەو نەپچڕاو توندوتۆڵیان بەیەکەوە هەیە ، بەدیوێکی تردا دەتوانین بڵێین تەواوکەری یەکترن.

سەبارەت بەشوێن و کەس "ئەندرێ مالرۆ" لەگۆڕانی بەهای شتەکان لەئەنجامی بەهای شوێن دەڵێت : ((مۆزەخانە بەزۆرەملێ و بەناچاری خاچ دەکات بەکۆتەل))[25]. زۆرجار ڕۆمان نووس دَت شوێن بەکەسەکانەوە دەبەستێتەوە و گرێی دەدات. ئەگەرچی ئەوشوێنە خەیاڵیش بێت و زادەی خەیاڵی نووسەر بێت ، بەڵام ئێمە لەڕێگەی وەسفی ورد و گەڕانەوە بۆ مێژوو،هەروەها تێگەیشتن لەخودی نووسەر، دەتوانین شوێنەکە دیاری بکەین ، کەچ کاریگەریەکیان لەسەر کەسایەتیەکان هەبوە ، ((کەم جار ڕۆمان نووس کار لەسەر ئەوە دەکات شوێن تەنیا یەک ڕەهەندی هەبێت و ڕووداوەکان لەسایەیدا ڕووبدەن،بەبێ هیچ کاریگەرییەکی ئەو شوێنەش بەسەر ڕووداو کەسایەتیەکانەوە))[26] . شوێن ئەو پانتاییەی ڕۆمانە کەڕووداوەکانی لەزەمەن و کاتێکی دیاری کراودا تیادا ڕوودەدەن و لەلایەن کارەکتەر و کەسایەتیەکانەوە بەرەو پێشەوە دەبرێت

،واتە شوێن کۆکەرەوەی ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانەو بەڵگەی هەبوونی ماتریالەکانی ناو ئەم جیهانەیەو خەسڵەت و سیفەتی دیاری نوێکردنەوەو نوێبوونەوەیە ،کەدەڵێین : خەسڵەت و سیفەتی نوێبوونەوە مەبەستمان لەوەیە کە لەڕۆمانی کۆندا شوێن ڕەگەزێکی ناسەرەکی و وەلا نراو بووە ، "حەننا عەبود"دەڵێت : ((شیعرییەتی ڕۆمانی کۆن ئاستی کەمترە لە شیعرییەتی ڕۆمانی نوێ و هاوچەرخ))[٢٧] . ڕەگەزی شوێن لەمیانەی وەسف کردنەوە دەست پێدەکات،چونکە وەسفکردنی شوێن و پێکهاتەکانی بەدرێژی وەسفی کارەکتەرەکان دادەنرێت ،ئەمەش مانای ئەوەیە کەڕەگەزی شوێن زیاتر ڕەگەزێکی وەسفیە، لەپەیوەندیەکی بەردەوامدایە بەکارەکتەرو ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەوە ، ((لەپەیوەندی نێوان ڕەگەزی شوێن و کارەکتەرو ڕووداودا،بەژداری ڕاستەوخۆی شوێن لەخولقاندنی ڕووداودا نابینین،بەڵام دەشێت ببێتە یەکەیەک کە کاریگەری لەسەر سروشتی ڕووداوەکان هەبێت و لەهەندێک بارودۆخدا بەدەر لەوەی شوێن شانۆیەک بێت بۆ ڕوودانی ڕووداوەکان و دەرکەوتنی کارەکتەرەکان،ڕۆڵێکی زیاتر ببینێت و ببێتە یەکێک لەکەسایەتیە سەرەکیەکان یان گوزارشت کەر لەبارەی دەرونی کۆمەڵایەتی کەسێتیەکان بەهۆی ئەو تایبەتمەندیەی هەیەتی لەڕوی پێگەوە))[٢٨].ململانێی کارەکتەرەکانی ناو دەقی ڕۆمانێک لەڕەوتی ڕووداوەکاندا،چ لەسەر ئاستی خودێتی خۆیان بێت یان لەگەڵ کەسانی تری ناو ڕۆمانەکەدابێت ئەوە بێگومان ئەو ململانێیانە لەشوێنێکدا ڕوودەدەن،کەبۆی هەیە لەشوێنێکی هۆگر یان شوێنێکی ناهۆگر بێت یان هەر جۆرە شوێنێکی تر بێت ، کەواتە هیچ ڕووداوێک نیە لەبۆشایدا ڕووبدات ! تەنانەت ئەگەر دەمەقاڵێیەکی ئاسایی و کورتیش بێت ، لەنێوان دوو کارەکتەری ناسەرەکی ناو ڕۆمانەکە،هەربۆیە بەبێ ئەم پەیوەندیەی نێوان شوێن و ڕووداو کارەکتەرەکان ، بنیاتی هونەری دەقێکی ڕۆمان یان چیرۆک ناتوانرێت تەواو بکرێت، بۆگەیاندنی ڕێرەوی ئاستێکی بەرزی دەقەکە، ((شوێن پیرۆزی خۆی هەیەو بەشێکە لەپێناسەی ژیانی هۆگری بۆ مرۆڤەکان و تایبەتمەندی خۆی هەیە))[٢٩] . ئەمە بەو مانایە دێت کەمرۆڤ کاتێک هۆگری شوێنێک دەبێت، ئیتر ئەو شوێنە دەبێت بەژیانی ئەو وەهەر جیگۆڕکێیەک لەو شوێنەیدا دەبێتە هۆی نارەحەتی و ناهۆگری بۆی ، بۆنمونە کاتێک جوتیارێک لەگوندێکەوە باردەکات یان دەگوازێتەوە بۆ شار، ڕووبەڕوی جیاوازییەکی گەورە دەبێتەوە لەنێوان جیهانی گوندو جیهانی شاردا ،بەوەی کەجیهانی شار ڕووبەری فراوانترو کۆبونەوەوچڕی و قەرەباڵغی و دانیشتوانی گەورەترو بوارەکانی کاری زۆرترو دژایەتیەکانی هەمەڕەنگ ترن،لەهەمان کاتدا شار بەتایبەتمەندیەکانی و ئەرکە ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ژیاریەکانیەوە لەگوند پێشکەوتوترە،ئیدی بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئەم شوێنە تازەیەی شاری لەلا دەبێتە دژە شوێن و زۆرجار لەگەڵێدا ئاشناو هۆگر نابێت و پێی دەستەمۆ ناکرێت و تاکۆتای ژیانی بەناڕەزای و نابەدڵی تیایدا گوزەر دەکات و ڕۆژ بە ڕۆژ لەهاتنەدی خەونەکانی دورتر دەکەوێتەوە.

ئەم جیاوازییەش بەتەنیا لەنێوان شارولادێدا زەق نابێتەوە،بەڵکو لەنێوان وڵاتێک و وڵاتێکی تردا یان لەنێوان شارێک و شارێکی تردا دەبێت کەئەمەش لەخودی کەسەکە ڕەنگ دەداتەوە و کاریگەری لەسەر دروست دەبێت،وەک چۆن لەسەردەمی(گریکەکان) دا (ئەسپارتە) شاری هێزبوو لەبەرامبەریشدا (ئەسینا) ی پایتەخت شاری هۆشیاری بوو،شوێن دەتوانێت ڕەنگدانەوەی ناخی کارەکتەرو دەربڕی جۆرو چۆنیەتی بیرکردنەوەیان بێت،لەم بارەیەوە"زاهیر ڕۆژبەیانی" دەڵێت : ((جاری واهەیە شوێن دەچێتە ناخی ڕووداو کار لەڕەنگدانەوەی کەسایەتی کارەکتەرەکان دەکات،هەندێک جاریش شوێن تەنیا ڕەگەزێکی ئاساییە کەڕووداوەکانی تیادا ڕوودەدەن و کارەکتەرەکان لەسەری دێن و دەچن))[٣٠] . بیروڕای ڕۆژبەیانی جەخت لەسەر ئەو خاڵە دەکاتەوە کەشوێن زۆرجار کار لەسەر کارەکتەرەکان دەکات ، هەڵوێستیان دیاری دەکات،هەندێک جاریش تەنیا وەک چەمکێکی ڕووت بۆدەرخستنی هەڵسوکەوتی کەسەکان بەکاردێت و کاریگەری لەسەر کارەکتەرو ئاڕاستەی ڕووداوەکانی نیە.

ئەرکی دیکەی شوێن ئەوەیە کەلەپاڵ دروستکردنی چوارچێوەی چیرۆکەکە ڕۆڵێکی گرنگ لەبینای ڕووداو پێکهاتنی کارەکتەرەکاندا دەگێڕێت ، لێرەدا پێویستە چەند شتێک دەربارەی سروشتی ئەوشوێنانەی بەستراونەتەوە بەباری دەروونی کەسەکانی ناو چیرۆکەکە ڕوون بکەینەوە،ئەو شوێنانە چ شوێنی ڕاستەقینە یان خەیاڵی یا ئاشنا یان نائاشنا بن لەلای چیرۆکنووس ، یەک شت نانوێنن،هەموو جارێک شوێنێک نابێتە ئەو شوێنەی کەسەرتاپای ڕووداو کارەساتەکانی تیادا ڕوودەن و گردببنەوە،بەڵکو شوێنەکان کاریگەری خۆیان دەبێت لەسەر کەسەکان و بەوەش باری دەرونیان توشی شڵەژان دەبێت و هەست بەنامۆی و گۆڕانێکی سەرتاپای دەکەن کەئەمەش لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر دەگۆڕێت،بەهەمان شێوەش لەڕۆمان نووسێکەوە بۆ ڕۆمان نووسێکی تر دەگۆڕێت بۆنمونە لەوانیەیە شوێنێکی وەکو ژوور دەلالەتی هۆگری و ئارامی و ئاشنایەتی و سۆزوخۆشەویستی بگەیەنێت ، لەلای ڕۆمان نووسێک،وەک لەم ڕۆمانەدا دەردەکەوێت کەنوسەر ژورەکەی جەمشیدخان کەلەقاتی سەرەوەی ماڵی حیسام خانە کردویەتی بەشوێنێکی هۆگرو ئاشناو شوێنێکی پڕ سۆزوخۆشەویستی بۆ جەمشید خان،بەڵام ئەمە لەوانەیە لەلای ڕۆمان نووسێکی تر وانەبێت،بەڵکو ئەو ژووردەلالەت بێت بۆ بێزاری و ناهۆگری شوێنەکە، باری دەرونی کەسەکە دەگۆڕێت و بەوشوێنە ئاشنا نیەو گۆڕانێک دێتە ئاراوە ! کەئەمەش لەئەنجامی نیشتەجێبوونی ئەو کەسەیە بۆ ئەو چوارچێوەیە ، ((گۆڕانی باری دەرونی کەسەکان یان جیاوازی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی،ئەوکەسانە بەشوێن دەبەستێتەوە چونکە پەیوەندیەکی قوڵ و پتەو شوێن بەکەسەکان دەبەستێتەوە و سروشتی کەسایەتیان دیاری دەکات))[٣١].لەم ڕۆمانەدا ئەوە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و دەرونی جەمشیدخانە کەهەرجارێک دوای ماوەیەک ژیان لەشوێنێکدا،خولیای فڕین دەکەوێتە سەری و دەیەوێت بگەڕێتەوە بۆ نیشتیمان،بێگومان ئەوەش دوای ئەوەی ، کە سالار و جەمشیدخان دەکەونە بۆسەوە ، لەنزیک سنوری(تورکیا) و جەمشیدخان بۆئەوەی نەکەوێتە بەردەستی سەربازە

تورکەکان ، هەر لەئاسمان گوریسەکەی کەمەری دەترازێنێت و بەرەو کەشکەڵانی فەلەک با ڕاپێچی دەکات ، هەرچارەولە وڵاتێک و لە هەرێمێک دەیکەوێنێتەوە.

" هاشم ئەحمەد زادە" دەڵێت : ((بەبڕوای من ڕۆمانی جەمشیدخانی مامم ڕیالیسترین ڕۆمانی"بەختیار عەلی"یەو ئاماژەی ڕاستەوخۆ بە پەیوەندی شوێن و ڕووداو کارەکتەری جەمشیدخان،هیچ گرفتێک بۆخوێنەری شارەزا بۆناسینەوەی شوێنەکانی ڕۆمانەکە ناهێڵێتەوە))[٣٢]. ڕۆمانی (جەمشیدخانی مامم ......) ی "بەختیار عەلی" دواجار وەکو هەموو ڕۆمانەکانی دەکەوێتە خانەی ڕیالیستیەوە،بگرە لەهەموو ڕۆمانەکانی تری زیاتر هەڵگری پێناسەی ئەم جۆرە ئەدەبەیە ،! چونکە سادەترین پێناسەی ڕیالیست بریتیە : لە تێکهەڵکێشانی واقیع و خەیاڵ، دیارە بێگومان ڕۆمان نووسیش لەم ڕۆمانەدا بەشێوەیەکی وەستایانە کاری لەسەر کردوە .لەڕۆمانی جەمشید خانی مامم دا شوێن و کەس کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیەو ئەو چوارچێوەیە(شوێنەکە)وادەکات کارەکتەرەکان و ڕووداوەکان شێوەیەکی تر وەربگرن و گۆڕانێکی دەرونی و ڕوحی و فەلسەفی بێتە ئاراوە کەبەڕوونی و ئاشکرای هەستی پێدەکرێت.

هەر لەیەکەم فڕینی جەمشیدخانەوە ، لەزیندانێکی تایبەتی حیزبی بەعس لە کەرکوک بەهۆی بایەکی بەهێزەوە، لە ناو گۆڕەپانی زیندانەکەدا هەڵی دەگرێت و دوای سوڕان و گەڕان و پێچ خواردنێکی زۆر بەجەمشید دواجار لەسەربانی دوکانێکی فیتە ر دەکەوێتەوە،هەر ئەم شوێنە ، شوێنی جەمشید لەکاتی یەکەم فڕینیدا لە پانتای ئاسمان دەبێتە هۆی ئەوەی کە ژیانی جەمشیدخان بگۆڕێت ، سەراپا ببێتە ژیانێکی ئەفسوناوی و خەیاڵی لەقالبی فڕین دا،پاشان دوای ئەوەی کە سالاروسمایلی برازای دەبنە دوو هاودەم و هاوەڵی کەلەلایەن حیسام خان و سەرفرازی باوکی سالارو ئەدیب خانی باوکی سمایل بۆچاودێری کردنی خان ڕایان دەسپێرن تاوەکو با نەیبات، کەهەمیشە دەبێت بە گوریسێکەوە لەکەمەری خۆیانی ببەستنەوە،ئەویش لەشوێنێکی شاخاوی و دورە دەست کەزێدی خۆیانە ئەویش گوندی(بارانۆکە) .دوای ئەوەی کەجەمشیدخان لەگەڵ سالارو سمایل دا ، لەترسی حیزبی بەعس ڕوو لە (بارانۆک) دەکەن کەشوێنێکی دورە ، دەستەو ناوچەیەکی شاخاوی وسەختە ، دانیشتوانەکەی لە دەماڵ تێپەڕناکات،هەرلەو گوندەدا جەمشید هەموو ڕۆژێک دەچێتە سەر بەرزاییەک بۆئەوەی با بێت و ئەم جارە بەشێوەیەکی ئارەزومەندانە ، توانای فڕینی خۆی تاقی بکاتەوە بەپێچەوانەی جاری یەکەمەوە کە با بەسوتفە لەگەڵ خۆیدا هەڵی گرت بۆ دەرەوەی زیندانەکە بەهۆی کەمی کێشیەوە، ئەم شوێنەش(بارانۆک)دەبێتە سەرەتایەک بۆشوێنی نارەحەتی و نامۆی سالارو سمایل، لێرەدا شوێنەکە باری دەرونی سالارو سمایل دەگۆڕێت و کاریگەری لەسەریان دروست دەکات ، بەتایبەتی سالار کەزۆر هەستی بەبێزاری و ناهۆگری دەکرد ، چونکە لەپەیوەندی کردن لەگەڵ کچان و ڕۆیشتن بۆ سینەماو هەموو ئەو شتانە دوردەکەوتە ، یان ئەو شوێنەی کە جەمشیدخان لەدواین کەوتنە خوارەوەیدا لێی دەگیرسێتەوە، کەبەسەر زەمینی خۆی و دوا وێستگەی ژیانی تەماشای دەکات ، ئەوشوێنە سەراپا ژیانی جەمشیدخان دەگۆڕێت ، ژیانی ئاراستەیەکی تر وەردەگرێت ، چونکە لەوشوێنەدا حەکیمەکان بە بەردەوامی چاودێری دەکەن و تەندروستی بەرەو باشی دەڕوات و بەدڵسۆزی خزمەتی دەکەن ، خۆشەویستی و میهرەبانیان لێدەبارێت ، وەهەر لەوشوێنەدا کێشی وردە وردە زیاد دەبێت و چیتر ئەو جەمشیدخانە نیە کە با بەئارەزوی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵیبگرێت ، ئێستا بوە بەکەسێکی ئاسایی ، ئەمەش (شوێنەکە) وا لە جەمشیدخان دەکات فڕینی بیر بچێتەوە و ژیانی لەڵێبوکێکی دەم باوە بەرەو کەسێکی ئاسایی بگۆڕێت ، کەچیتر ترسی لە با نەبێت، لەگەڵ خۆیدا بیبات، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کەشوێن چ ڕۆڵ و کاریگەرییەکی لەسەرکارەکتەرەکان و ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکە هەیە ، وەچەندین نمونەی تر کەلێرەدا بەپێویستمان نەزانی درێژەی پێبدەین و بیکەینە بابەتێکی درێژ دادڕی.

تەوەری دووەم:

جۆرەکانی شوێن:

ئەگەر شوێن خاوەنی ئەو پێگەیە بێت ، کەباسمان کرد و ئەو ڕۆڵ و کاریگەرییە لەدەقە ئەدەبیەکاندا بگێرێت،ناکرێت تەنیا چەند جۆرێکی کەمی هەبێت ، بەڵکو بۆجێبەجێکردنی ئەو ئەرکە گرنگە دەبێت بەگەلێک شێوازو جۆری جیاواز خۆی بنوێنێت ، بۆئەوەی بتوانێت ئەرکەکانی ڕاپەڕێنێت،جیاکردنەوەی جۆرەکانی شوێنیش کارێکی ئاڵۆزو دژوارە))[٣٣]. پۆلێن کردنی شوێنی ڕۆمانێکی ئاڵۆزو تێکەڵبوونی جۆری شوێنەکان کۆمەڵێک ئاستەنگ و ئاڵۆزی دەخەنە بەردەم لێکۆڵەر، لەئاکامدا پۆلێنکردنەکەی هەر جۆرێک بێت ، ناتوانێت لەسەدا سەدی سنورێک لەنێوان جۆرێک و جۆرێکی تردا بکات، شوێن جۆری زۆرەو هەر نووسەرەو بەپێی لێکۆڵینەوەی خۆی لەو دەقانەیلێی کۆڵیوەتەوە جۆرەکانی شوێنی دەستنیشان کردوە ،بەڵام هەرنووسەرێک کەجۆرەکانی شوێنی دیاریکردوە بەجۆرێک نزیک و هاوبەشیەک دەبینیت لەگەڵ ئەو جۆرە شوێنانەی کە نووسەرێکی تر دیاری کردوە. لەلای نووسەرە بیانیەکان ، هەریەکە و بەشێوەیەک باسی شوێنیان کردوە ، پۆل"و"ڕۆمێر"شوێنیان بۆ چوار جۆر دابەش کردوە))[٣٤].

١شوێنی من:- ئەو شوێنەیە کەدەستەڵاتی خودی تیادا بەگەڕ دەخات ، هۆگرەو لەژێر ڕکێفی تاکدایە.

-٢شوێنی ئەوانی دی:- لەگەڵێک شتدا لەجۆری یەکەم دەکات، بەڵام لەوەدا جودایە کەمن تیایدا ملکەچە بۆ ئەوانی دی و دەبێت دان بەو دەستەڵاتە بنێت.

-٣شوێنی گشتی:- ئەم شوێنە موڵکی کەس نیە،بەڵکو موڵکی دەوڵەتەوەوپۆلیس و ئاسایش و دەستەڵاتداران هێزی خۆیانی تیادا دەخەنە گەڕ.
-٤شوێنی بێکۆتای:- ئەم شوێنە خاڵیە لەخەڵک،ئەو زەویەیە کەلەژێر دەستەڵاتی کەسدا نیە،تەنانەت دەستەڵاتی دەوڵەتیش، زۆرجار ئەم جۆرە شوێنە بێ ڕێگایەو خاڵیە لەدامودەزگاکانی دەوڵەت بۆیە ئەم جۆرە شوێنانە دورە لە شوێنی نیشتەجێی خەڵکەوە ، هەر لەبەر ئەمەیە دەلالەتی تایبەتی وەردەگرێت وەکو:بیابان و چیاو ئەشکەوت و جەنگەڵەکان،ئەم جۆرە شوێنانە لەم ڕۆدا کەمبوونەتەوە چونکە بەهۆی پێشکەوتنی تەکنەلۆژیاوە لەم ڕۆدا دەوڵەت دەستی بەدورترین شوێنەکان دەگات.
"شۆڵز"پێنج واتا بۆشوێن جیادەکاتەوە))[٣٥].
-١شوێنی پراگماتیکی:-مرۆڤ لەژینگە سروشتیە ئۆرگانیەکەی یەک دەخات.
-٢شوێنی درک پێکراو:-ئەمیش بۆناسنامەی کەسایەتی مرۆڤ پێویستە.
-٣شوێنی وجودی:-ئەم شوێنە وا لەمرۆڤ دەکات کە بگەڕێتەوە بۆ گشتی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری.
-٤شوێنی مەعریفی:-ئەمیش واتای ئەوە دەدات بەدەستەوە کەلەتوانای مرۆڤدا هەیە بیر لەشوێنەکان بکاتەوە.
-٥شوێنی لۆژیکی:-ئەم شوێنەش وەک ئامرازێک بۆ وەسفی شوێنەکانی دی دەخاتە بەردەست.
توێژەری فۆرمالیستی ناوداری ڕوسی"میخائیل باختین" هەموو جۆرەکانی شوێن لەچوار جۆردا کۆدەکاتەوە)) [٣٦].
-١شوێنی ناوەوە.
-٢شوێنی دەرەوە.
-٣شوێنی دژ.
-٤شوێنی ئەستانە،
شوێنی ئەستانە بەو شوێنانە دەگوترێت کەڕاڕەو دەرگاو پەنجەرەو شەقام و ئۆتۆمبێل و فڕۆکەو شەمەندەفەرو پاپۆڕو ....هتد دەگرێتەوە.
"پرۆپ" لەمیانەی لێکۆڵینەوەیەکەوە کەلەسەر کۆمەڵێک چیرۆکی میلیئەنجامی دا،شوێنی دابەش کردوە بەسێ بەشەوە:-
-١شوێنی ڕەسەن:-شوێنی لەدایک بوون و شوێنی ژیانی خێزانە.
-٢شوێنی پاڵاوتەی پەتی.
-٣شوێنی نا شوێن.
سەرەڕای ئەوەی ئەم نووسەرە بیانیانە ، هەریەکە و بەشێوەی بیرکردنەوەیخۆی ، لێکدانەوەی خۆی ئەم جۆرانەی شوێنی دیاری کردوە،بەڵام لەگەڵ ئەمانەشدا لەدیاریکردنی جۆرەکانی شوێندا هاوبەشیەک و نزیک بونەوەیەکی زۆر هەیە لەنێوان ئەم نووسەرانە!لەلای نووسەرە عەرەبەکانیش هەریەکەو بەشێوەیەک باسی شوێنیان کردوە و جۆرەکانیان دیاری کردوە.
شوێن لەلای"غالب هڵسا"ی مۆدێرن خواز کەگرنگیەکی زۆری بەڕۆڵی شوێن لەئەدەبدا داوە ،! دەکرێت بەسێ بەشەوە))[٣٧] .
-١شوێنی خوازەی:-ئەو جۆرە شوێنەیە کەلەڕۆمانە پڕ لەڕووداوەکاندا بەرچاو دەکەوێت،بۆیە بەم جۆرە شوێنانە دەوترێت شوێنی خوازەی چونکە بوونی لەسەداسەد نیە بوڵکو لەگێڕمانەوە نزیکە،ئەم جۆرە شوێنە بەڕەگەزێک لە ڕەگەزەکانی کاری هونەری دانانرێت بەڵکو تەنیا بۆ ڕوونکردنەوەیەو بەس وەبە شوێنێکی ناسەربەخۆو نەگەتیف دادەنرێت.
-٢شوێنی ئەندازەی:-بەو شوێنە دەگوترێت کەڕۆمان دەیخاتە ڕوو لەمیانەی وەسفی دوریەکانی دەرەوەیەوە،واتە کاتێک ئەو شوێنە هەڵدەوەشێنێتەوە دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵێک ڕەنگ و ڕوو شتی دیکە کەبەجیاوازی بەرچاو دەکەون.
-٣شوێنی تاقیکراوە:-بەوشوێنە دەگوترێت کەنووسەر تیادا ژیاوە،دوای ئەوەی لێی دورکەوتوەتەوە لەنوسینیدا بەخەیاڵ تیایدا دەژێت.
شوێن لەلای"یاسین النسیر"ی نوسەری عێراقی و پسپۆڕ لەبواری چەمکی شوێن لە ئەدەبدا دەکرێت بەسێ بەشەوە)) [٣٨] .
-١شوێنی گریمانکراو:-ئەمیش دەکرێت بەدوو بەشەوە:
ا-شوێنی یۆتۆبی گریمانکراو.
ب-شوێنی کۆمەڵایەتی گریمانکراو.
شوێنی گریمانکراو زادەی خەیاڵی ڕووتە،دەکرێت هەندێک لەتایبەتمەندیەکانی لەواقیعەوە وەرگرێت بەڵام بەدیاری کراوی نا،مێژووی گشتیش تێیدا بزرەو تەنیا باسی شوێنی گشتی دەکات،شوێنی ناسراویش تیایدا بزرە.
-٢شوێنی بابەتی:-تایبەتمەندی شوێنی بابەتی لەوەدایە کەپێکهێنەرەکانی لەژیانی کۆمەڵایەتیەوە هەڵدەهێنجێت،بارودۆخەکەش لەم جۆرە شوێنەدا دەیسەپێنێت بەسەریدا تاشوێنێکی داخراو بێت وەکو:زیندان،شێتخانە، بەرەکانی جەنگ،....هتد، لەگەڵ ئەوەی ئەم جۆرە شوێنە داخراوە،بەڵام کراوەیەو لەسەر پشتە بۆ بیرکردنەوەو ڕامان.

-٣شوێنی تاک ڕەهەند:-شوێنێکی گشتیەو لەکاری هونەریدا ناسنامەی تایبەت بەخۆی و ناسنامەی چینایەتی و کۆمەڵایەتی بەدەست هێناوە،واتە ڕەهەندێکی دیاریکراوە.((شوێنی تاک ڕەهەند ئەوشوێنەیە کەڕۆمان نووس گرنگی تەواوی پێی نەداوە و وەکو ڕوپۆشی دەرەوەی ڕووداوەکان بەکاری هێناوە،تەنیا یەک بەها بەدەستەوە دەدات))[39]. دیاری کردنی ئەم سێ جۆرەی شوێن لەلای ئەم نوسەرە تاڕادەیەک دەگەڕێتەوە بۆکاریگەری ڕای نوسەرانی بیانی لەدیاریکردنی جۆرەکانی شوێندا.

دکتۆر"حمید حمدانی" شوێن بۆ چوارئاست دابەش دەکات))[40] .

-١پانتای جوگرافی:-ئەو شوێنەیە کەپاڵەوانەکان تێیدا دەجوڵێن و ڕووداوەکانی تیادا ڕوودەدەن،ئەم شوێنە دانەبڕاوە لەدەلالەتی شارستانی و کۆمەڵایەتی، ئەم شوێنە لەمیانەی جوڵەی کەسەکان و پەیوەندی بەکاتی دیاریکراوەوە دەردەکەوێت.

-٢پانتای دەق:-شێوازی نووسین و جۆری پیت و ڕووبەری لاپەڕەو بەرگ و نەخشەسازی و جوانکاری لەبەرهەمەکاندا دەگرێتەوە،واتە ڕووخساری بەرهەمەکە دەگرێتەوە نەک ناوەڕۆک.

-٣پانتای گەیاندنی ماناو واتا:-هەندێک جار وشەیەک دوو مانا یان زیاتر دەگەیەنێت،ڕەوان بێژان بەمانایەکی دەڵێن حەقیقی و بەماناکانی تری دەڵێن مەجازی.

-٤پانتای لەگێڕانەوەدا:-ئەمەش گۆشەنیگای ڕۆمان نووس یان چیرۆک نووس دەگرێتەوە لەبارەی جۆرو چونیەتی خستنەڕووی بەرهەمەکەیەوە،ئایا خۆی دەبێتە پاڵەوانی چیرۆکەکە یان کەسانی دی،یاخود لەزاری یەکێکەوە ڕووداوەکان دەگێڕێتەوە.

دکتۆر"شجاع مسلم العانی"لەنامەی دکتۆراکەیدا شوێن بۆ چوار بەش دابەس دەکات ، ئەمیش بەپێی پەیوەندی کەسەکە بەشوێنەوە))[41] .

-١شوێنی شانۆی:-بەم جۆرە شوێنە دەگوترێت شوێنی شانۆی یان شوێنی درامیبەچیرۆکەکەش دەگوترێت چیرۆکی درامی،ڕۆمانەکەش بەڕۆمانی درامی ناودەبرێت.

-٢شوێنی مێژووی:-هەندێک لەنووسەران بە (شوێنکات) ناوی دەبەن،شوێنی مێژووی ئەوشوێنەیە کەهەرگیز لەکات دانابڕێت.

-٣هۆگرە شوێن:-مەبەست لەهۆگرە شوێن هەموو ئەوشوێنانەیە کەتیایدا ژیاوین و هەستمان بەپاراستن و هۆگری کردوە،بەشێوەیەک ئەم شوێنە بوەتە مایەی یادەوەریەکانمان.

-٤دژە شوێن:-هەندێک شوێن هەن مرۆڤ لەبەرامبەریاندا هەست بەهیچ هۆگرییەک ناکات بەڵکو بەپێچەوانەشەوە هەست بەدوژمنایەتی دەکات،ئەم جۆرە شوێنانەش یان مرۆڤ بەناچای تیایدا دەژی وەکو: بەندینخانە یان گرتوخانە دورخراوەکان،یانیش مەترسی مردنیان تیادا دەبینێتەوە وەکو:بیابان. ))[42] . نووسەرانی کوردیش هەندێکیان لەلایەنی خۆیانەوە چەند جۆرێک شوێنیان دیاریکردوە، لەخوێندنەوەی جۆرەکانی شوێن هەست بەهاوبەشیەکی ڕوون دەکەیت لەدیاریکردنی جۆرەکانی شوێن لەلای نووسەرانی بیانی و عەرەبی و کوردی.لێرەدا جۆرەکانی شوێن لەلای هەندێک لە لێکۆڵەرە کوردەکانیش دەخەینەڕوو،سەرەتا بەڕای دکتۆر"پەرێز سابیر"دەست پێدەکەین کەبەم شێوەیە شوێنی دابەش کردوە))[43] .

-١شوێنی ڕاستەقینە:-ئەوشوێنە ئەندازەییە دەگرێتەوە کەبەهۆی بینینەوە وەسفێکی وردی دورییەکانی دەرەوە دەکات. ڕۆمان نووس بۆئەوەی ئەم شوێنە لەواقیع نزیک بکاتەوەو هەست بەبوونی ڕاستەقینەی ئەو شوێنە لەلای خوێنەر دروست بکات ڕوودەکاتە وەسفی درێژدادڕی، لەوەسفکردندا هەموو لایەنەکانی شوێن بەدوورودرێژی وەسف دەکات وەک هەوڵێک بۆئەوەی سروشتی واقیعی و ڕاستەقینە بدات))[44].

ڕۆمان نووس کەشوێنێکی ڕاستەقینە هەڵدەبژێرێت پێویستە بەر لەهەمووشت بەڕاستی و دروستی لەوزانیاریانە دڵنیابێت کەپەیوەندیان بەشوێنە هەڵبژێردراوەکەوە هەیە،

بۆئەمەش پێویستە نووسەر ئەوشوێنە هەڵنەبژێرێت ن هەتا شارەزاییەکی تەواوی دەربارەیان نەبێت وەیان تاقی نەکردبنەوە ،پێویستە ڕۆمان نووس شوێنی ڕاستەقینە وەک خۆی و بەبێ دەستکاری وەرنەگرێت،بەڵکو بەهەرشێوەیەک بێت جۆرەگۆڕانێکی بەسەردا بێنێت ، چونکە بەکارهێنانی ڕاستەوخۆی شوێنی ڕاستەقینە والەنووسەر دەکات ، زۆرجار خۆی بۆئەو زانیاریانەی کەدەربارەی ئەوشوێنە دەیزانێت ببەستێتەوە ، نەتوانێت لەڕاستیەکان لابدات،ئەمەش دەبێتە هۆی کەمبوونەوەی سەربەستی نووسەر لە جۆراوجۆرکردنی شوێن و ناچارکردنی بەخۆبەستنەوەی بەچوارچێوەی شوێنە هەڵبژێردراوەکە،ئەمەش مەودای نووسەر لەڕووی مامەڵەکردنی وەک بنەمایەکی هونەری تەسک دەکاتەوە، سروشتێکی سادەی پێدەبەخشێت.

-٢شوێنی گرێ:-ئەو شوێنەیە کەئەندێشەو بیری تایبەتی چیرۆک نووس دروستی دەکات،واتە ئەوشوێنانەیە کەخەیاڵی نووسەر وەک گریمانەیەک دروستی دەکات ، نووسەر لەڕێگای توانای خۆی بۆ وەسفکردنی ئەوشوێنە خەیاڵیە،لەمێشکی خوێنەر بەرجەستەی دەکات.

ئەم جۆرە شوێنە یەک شێوەی نابێت بەڵکو دەگۆڕێت و جۆر بەجۆر دەبێت ، بەپێی گۆڕانی باری دەرونی کەسەکان یان جیاوازی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سیاسی ئەوکەسانە،چونکە پەیوەندیەکی قوڵ و پتەو شوێن و کەسەکان بەیەکەوە دەبەستێتەوە،شوێن وەک بەشێک لەکەسەکان خۆی دەنوێنێت))[45].

ڕۆمان نووس لەکێشانی وێنەی شوێنی گرێدا ، تەنیا پشت بە هەستی بینین نابەستێت و سیماکانی دیوی دەرەوەی پیشان نادات،بەڵکو شۆڕدەبێتەوە ناو ئەو شوێنانەو وەک بەشێکی زیندوی گیانی کەسەکان مامەڵەیان لەگەڵدا دەکات،هەرلەبەرئەمەیە

کەتارادەیەکی زۆر هەموو پەیوەندیەکانی بەشوێنە ڕاستەقینەکان دەپچڕێت ، ئەو تاکە پەیوەندیەی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە و دەتوانرێت بەکاربهێنرێت ئەوەیە کەوەکو ئەندێشەیەک بهێنرێتە بەرچاو.بەم شێوەیە ئەوەمان بۆدەردەکەوێت کەخاسیەتی گرنگی شوێنی گرنگی ئەوەیە کە مێشک دروستی دەکات و بەشێوەیەکی سەرەکی سەرچاوەکەی خەیاڵ و ئەندێشەی نووسەرە.لەدیاریکردنی شوێنەکانی تردا د."پەرێز سابیر"لەئەنجامی سروشتی شوێنەکانەوە باسی دووجۆری تری شوێنی کردوە))[٤٦] .

-١شوێنی کراوە:-ئەوشوێنانە دەگرێتەوە کەتایبەت نین بەکەسێک یان چەند کەسێک،بەڵکو هەموو کەسێک توانای بەکارهێنانیانی هەیە وەکو:کۆڵان،قوتابخانە،نەخۆشخانە،......هتد.

-٢شوێنی داخراو:-ئەوشوێنانە دەگرێتەوە کەتایبەتن بەکەسێکەوە یان چەند کەسێک،واتە ڕووبەرێکی جوگرافی دیاریکراویان هەیە وەکو:ماڵ،ژوور،.....هتد.هەروەها د."پەرێز سابیر"لەئەنجامی هەستکردنی کەسەکانی ناو دەقەکە بەرامبەر بەشوێنەکان سێ جۆری تری شوێن دیاری دەکات))[٤٧] .

-١شوێنی ئاشنا(هۆگر):-ئەوشوێنە دەگرێتەوە کەلەگەڵ باری دەرونی کەسەکە دەگونجێت و ئاشنایەتی لەگەڵدا پەیدا کردوە،بەتێپەڕبوونی کات هیچ گۆڕانکارییەکی لەسەر دروست ناکات وەک ئەوەی ئاشنایەتیەکی لەمێژینەی لەگەڵیدا هەبێت.

-٢شوێنی نائاشنا(ناهۆگر):-ئەوشوێنە دەگرێتەوە کەلەگەڵ باری دەروونی کەسەکە ناگونجێت و هیچ جۆرە پەیوەندیەک و ئاشنایەتیەکی لەگەڵیدا نیە،ئەم جۆرە شوێنە بەتێپەڕبوونی کات دەگۆڕێت.

-٣شوێنی بێلایەن:-ئەوشوێنە دەگرێتەوە کە کەسەکان بێئەوەی هەست بەخۆشی یان ناخۆشی ئەوشوێنە بکەن بەخێرای ئاستی ڕووداوی چیرۆکەکە،هەندێک جار زۆر بەکزی هەستی پێدەکرێت و هەندێک جار هەست کردن بەشوێنەکە ون دەبێت و نامێنێت. دکتۆر"ئیبرایم قادر"یش لەلایەن خۆیەوە چەند جۆرێک شوێنی دیاریکردوە))[٤٨] .

-١شوێنی ڕاستەقینە.

-٢شوێنی فەنتازی.

-٣شوێنی کراوە.

-٤شوێنی داخراو.

شوێنی فەنتازی(خەیاڵی)ئەو شوێنە دەگرێتەوە کەلەسەر بناغەی خەون و خەیاڵی دوور لەواقیع بنیات نراوە،بۆیە جیهانی خورافیات و ئەفسانە پێکدەهێنێت.

"تانیا ئەسعەد"یش جۆرەکانی شوێنی بۆ سێ جۆر داڕشتووە ))[٤٩] .

-١لەڕوانگەی هەبوونەوە دووجۆر شوێنی دیاریکردوە کەئەوانیش واقیعی و خەیاڵین.

-٢لەڕوانگەی چەمکی هۆگرییەوە دووجۆر شوێنی دیاریکردوە کەئەوانیش هۆگری و ناهۆگرین.

-٣لەڕوانگەی بەکارهێنانەوە دووجۆر شوێنی دیاریکردوە کەئەوانیش داخراو کراوەیە.

جگە لەهەموو ئەم شوێنانەی سەرەوە کەباسمان کرد،شوێنێکی گرنگی تریش هەیە کەبەداخەوە زۆرێک لەلێکۆڵەران تارادەیەک پشتگوێیان خستوەو بایەخێکی ئەوتۆ بەم جۆرە شوێنە نادەن،ئەوجۆرە شوێنەش(ئەندامەشوێن)ە مەبەست لەئەندامەشوێن ئەوشوێنە بەرجەستەیەیە کەشوێنێکی فراوان لەپانتای دەقەکەدا داگیردەکات وەک:(دەم،لووت،چاو،سینە،ڕان،سەر،....هتد.(هەندێک جار مرۆڤی خاوەن ئەم هەموو ئەندامە شوێنانە خۆی دەبێتە شوێنێکی سەرەکی بۆشتێک،شتەکە دەبێتە شوێنی مرۆڤ یان مرۆڤەکە خۆی دەبێتە شوێنی شتێک یان ئاژەڵێک یان مرۆڤێکی تر))[٥٠] .

ئەگەر تەماشای بیروڕاکانی هەریەک لەم نووسەرو لێکۆڵەرانە بکەین ، لەدیاریکردنی جۆرەکانی شوێندا ، دەبینین لەبەکارهێنانی شوێن و جۆرەکانیدا لەزۆربەی کاتدا هاوڕان،تەنیا لەناونانی ئەوشوێنەی کەلەسەر بنەمای خەون و خەیاڵ و دوور لەواقیع بنیاد نراوە هەریەکەو ناوێکی لێناوە وەکو:گریێ،خەیاڵی ، فەنتازی.

جگە لەم شوێنانەش چەندین جۆر شوێنی ترمان هەیە لەلای نووسەرەکانی تر ، کەبەپێی ئەولێکۆڵینەوانەی کەلەسەر چیرۆک و ڕۆمانەکان کردویانە ناویان لێناوە وەک:(شوێنی ئاوی،شوێنی بژێو،شوێنی بێسەروشوێن،شوێنی بەندوباوکاری،شوێنی سەیرو سەمەرە......هتدهەموو ئەم شوێنانەش کەباسمان کردن و ناومان هێنان دەتوانین لە دووجۆر شوێندا کورتیان بکەینەوە،واتە هەموو جۆرەکانی تری شوێن هەردەچنە ناو یەکێک لەم دوو جۆرە شوێنەوە،ئەوانیش(شوێنی حەقیقی و شوێنی خەیاڵی)ن .منیش لەوەرگرتنی شوێنەکانداو دیاریکردنی لەڕۆمانەکەدا تەنیا ئەو شوێنانەم وەرگرتوە و باسم کردوە کەلەڕۆمانی(جەمشید خان) دا نووسەر بەکاریانی هێناوە

تەوەری سێیەم:

شوێن لە ڕۆمانی جەمشید خانی مامم دا

شوێنی واقیعی-:

كەس بەتەواوی نازانێت جەمشید لەچ ڕۆژێکدا با دەبیات ، بەڵام یەکەمین فڕینی جەمشید لەگرتوخانەیەکی تایبەتی دەبێت لەکەرکوک ، لەدەستی ئاسایشێک کەلەناکاو بایەکی بەهێز دەبیات و بەرزی دەکاتەوە و لەدیوارەکانی زیندانە زیاتر بڵندی دەکاتەوە ، دەگاتە سەروی سەقفەکانی هەیئەتی ئاسایشی باکور (کەدەبێت ناوی ئەو شوێنە بێت کەجەمشید تیایدا زیندانی کراوە)دەبینین چەند شوێنێکی واقیعی بەکارهێناوە وەک دەڵێت: ((جەمشید خان لەنیوەڕۆیەکی درەنگ دەگاتەوە ماڵی حیسام خانی باپیرم))(عەلی ،٢٠١٠،ل٦)هەڵبەتە جەمشید پاش هاتنەوەی بۆماڵی خۆی و بەهۆی ئەوەی کە لەشی جەمشید لەماوەی زیندانی کردنەکەی زۆر لاواز دەبێت ، توانای پارێزگاری کردنی لەخۆی نیە، بنەماڵەکەی دووکەسی بۆدیاری دەکەن تاوەکو لەلایەکەوە پارێزگاری لەجەمشید خان بکەن و نەهێڵن بکەوێتە دەستی بەعسیەکان(کەلەو سەردەمەدا حوکمی وڵاتیان دەکرد) لەلایەکی ترەوە بۆئەوەی چاودێری جەمشید بکەن تاوەکو با نەیبات،ئەو دووکەسەش بریتین لە سالارو سمایلی برازای ،لەلای بنەماڵەکەیان سالارو سمایل دووکەسی بێکەڵک و نیش نەکەر بون ، ڕۆمان نووس لەم ڕۆمانەدا ئاماژە بۆ داب و نەریتی کوردستان دەکات ، کوردستان وەک ڕەمزی دواکەوتوی ناودەبات،بێگومان ئەمەش گرنگترین شوێنی واقیعی ناو ڕۆمانەکەیە ، کە پەیوەندی ڕاستەوخۆی بە ڕووداوەکانی ناو ڕۆمانەکەوە هەیە ، بگرە سەرتاپای ڕۆمانەکە لەسەر ئەم بنەمایە بنیات نراوە ، چونکە کەسایەتی جەمشیدخان ڕەنگدانەوەی دیوی دووەمی زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵی کوردیە.

کاتێک ڕۆمان نووس باسی سالارو سمایل دەکات ، ئاماژە بەوە دەکات کەوا توانای خوێندنیان نیە و ناتوانن پاشەڕۆژێک بۆخۆیان دروست بکەن،لەو سەردەمەدا ئەوەی توانای خوێندنی نەبوایە پێیان دەوت بێکەڵکە، جەمشیدخان بۆئەوەی نەکەوێتە دەستی بەعسیەکان دەبوو ڕووبکاتە ناوچە شاخاوییە ئازادکراوەکان ، لەبەر ئەوە جەمشید و سالاروسمایل ڕوودەکەنە گوندە کۆنەکی خۆیان کە ئەویش گوندی(بارانۆک)ە کەدەکەوێتی ناوچە شاخاوییەکان و شوێنێکی عاسیی و دورە دەستە ، ئەمەش شوێنێکی واقیعییە،لەبەردەوامی دان بەشوێنی واقیعی باس و وەسفی گوندی (بارانۆک)دەکات و دەڵێت : ((گوندە کۆنەکەی ئێمەش لەشوێنێکی ساردو عاسیدابوو لەچیاکان (بارانۆک) خۆی گوندێکی بچوک بوو کەلەدەماڵ تێنەدەپەڕی)) ))(عەلی ،٢٠١٠،ل٨) ،ڕۆمان نووس لێرەوە درێژە بەفڕینەکانی جەمشیدخان دەدات ، لەفڕینی دووەم دەڵێت : ناردی هەم لەشارو هەم لەئێرانەوە هەموو جۆرەکانی پەت و هەموو ڕەنگەکانی بۆهات))ئەمەش شوێنی واقیعییە.

لەبەردەوامی دان بەشوێنی واقیعی باس لەزانکۆی بەغداد دەکات کەلەوسەردەمەدا یەکێک بوو لەزانکۆ گەورەکانی عێراق و ناوچەکە ((جەمشیدخان لەدوای خوێندنەوەی کتێبەکەی"داروین"بیرۆکەیەک پەڕیبووە خەیاڵی کەدەیویست تیۆرەکانی دژ دابڕێژێت و بیسەلمێنێت کە مرۆڤ لەباڵندەوە گەشەی کردوە نەک لەمەیمونەوە،بۆئەم مەبەستەش جەمشید دەکەوێتە نامە گۆڕینەوە لەگەڵ هەندێک لەمامۆستایانی بایۆلۆژیدا لەشارو لەوێشەوە ئەدرێسی هەندێک پرۆفیسۆری زانکۆی بەغدادی پەیداکرد)) عەلی ،٢٠١٠،ل١٩.لەساڵی ١٩٨٠بەعسیەکان لێبوردنێکیان دەرکرد بۆهەموو ئەوکەسانی کەوا تۆمەتی سیاسیان لەسەربوو جەمشید بەدوودڵیەکی زۆرەوە دەگەڕێتەوە بۆشار کەمەبەستی ڕۆمان نووس شاری سلێمانیە،ئەمیش شوێنی واقیعیە.

دوای وەرگتنی جەمشید لەسوپاو گەیشتنی فایلەکەی بۆبەردەستی وەزیری بەرگری وەزیر داوادەکات بەتایبەتی چاوی پێی بکەوێت ، کەوەزیر بەچاوی خۆی دەیبینێ کەئەم زیندەوەرە چ توانایەکی گەورەی هەیە فەرمان دەدات کە خواردن و خزمەتی تایبەتی بۆبخرێتە بەردەست و شەو لەخۆشترین ئوتێلەکانی پایتەخت شوێنی بۆگیرێت)) عەلی ،٢٠١٠ل٢٦. مەبەستی نووسەر لەپایتەخت شاری بەغدادی پایتەختی عێراقە کەئەمیش شوێنی واقیعییە.بەژداریکردنی جەمشید وەکو سیخوڕێکی نهێنی پارێزەر لەئاسماندا بینینی هەموو کارەساتەکان لەسەرەوە کەلەجەنگ دەبینرا شتێکی نامۆو دڵتەزێن بوو مەبەستی نووسەر جەنگی درێژخایەنی نێوان عێراق و ئێرانە کەبوە هۆی ماڵوێرانی بۆهەموو گەلی عێراق و کورد بەتایبەتی،شوێنی جەنگەکەش بێگومان شوێنێکی واقیعییە.

لەگەڵ هەربەربونەوەیەکەوە جەمشید خان هەموو ڕووداوەکانی لەبیر دەچووەوە تەنانەت خوشی لەبیردەچووەوە،لەگەڵ هەربەربونەوەیەک لەئاسماندا شتێک لەیادەوەرییەکانی ون دەکات و گۆڕانێکی نوێ بەسەر کارەکتەری جەمشیدخاندا دێت.نووسەر بەبەردەوامی ئاماژە بەشوێنە واقیعیەکان دەکاتو دەڵێت : دوای ئەو بەربونەوە گەورەیەی جەمشید لەبەرەکانی جەنگداو کەتنە خوارەوەی لەدەوروبەری شاری ئەسفەهان جەمشیدخان هەم لەئاسمان و هەم لە با دەترسا، ڕۆمان نووس درێژە بەشوێنە واقیعییەکان دەدات ((گەڕانەوەی بۆشار،ئازادبوونی شارەکانی باکور لەژێردەستی سەدام حوسێن،گەڕانەوەی جەمشید بۆماڵ))ئەمانە هەموی شوێنی واقیعین ، گەڕانەوەی جەمشید بۆماڵ هێمن تێپەڕی)) (عەلی ،٢٠١٠ ل٦٠.)هەر لەباسکردنی شوێنی واقیعیدا ئەوساتە وەختەی کەجەمشیدخان بۆماوەیەک نادیار دەبێ و ڕۆمان نووس بۆزیاتر سەرنجدانی خوێنەر دەکەوێتە باسکردنی ئەو ڕووداوانەی کەلەو ماوەیەدا بەسەر جەمشیددا دێت،ئەوشەوەی کە جەمشیدخان با دەیبات بایەکە ڕووەو باکور هەڵی دەگرێت و لەنزیک بنکەیەکی گەریلاکانی پارتی کرێکارانی کوردستان (پەکەکە) دەیدات بەزەویدا،جەمشید بۆماوەی ساڵێک لەگەڵ گەریلاکاندا دەمێنێتەوە ، مانەوەی جەمشید خان لەشاخ هیچ سودێکی نابێت بۆیە داوادەکەن بگەڕێتەوە بۆماڵی خۆی لەباشوور، کەمەبەست لێی باشوری کوردستانە.

ڕۆمان نووس لەبەردەوامی دان بەشوێنی واقیعیدا لەسنوری وڵاتی خۆی دەپەڕێتەوە لەوەسفی ئەو بۆ جەمشیدخان کەوا هەوای وڵاتەکەی بەعەقڵ ناکەوێت و ڕووداوەکانی بەرەو شوێنێکی تر دەبات و چەند شوێنێکی تری ڕاستەقینە دیاری دەکات و دەڵێت: ((بەیانی کەبەرەو سنوری تورکیاو بەئاڕاستەی زاخۆ سواری پاسێکی کۆستەر بوین)) (عەلی ،٢٠١٠ل٩٤.) ، جەمشید خان و

سالار خان بەرەبەيانيەک دەگەنە سلۆپى و سوارى پاسى ئەستەمبوڵ دەبن،هەر لەدرێژەدان بەشوێنى واقيعى ڕۆمان نووس ناوى ئەو شوێنانە دەهێنێت کەجەمشيد لەکاتى سەفەرەکانيدا بينيويەتى پەڕينەوە بەبەلەمى شکاو بەرەو ئيتاڵيا،بينينى دەريا،جەمشيدخان هەواى کەنار دەريا مەستى دەکات هەموو ئەمانە شوێنى واقيعين.

جەمشيدخان لەوڵاتى توركيا دەبێت بەقاچاغچى و کارى خۆى دەکات،يەکەم کاروانى خۆى بەڕێ دەکات بەرەو سنورى يۆنان،شەوێکى هاوين بەهەموو نەفەرەکانمانەوە بەرەو سنور بەڕێ کەوتين پەتى تەواومان کڕيبوو،ڕێنماى تەواومان دابوو بەنەفەرەکان،لەسەر سنورى يۆنان و لەشاخ و جەنگەڵستانێکى گەورەدا و لەخاڵێکەوە کەزۆر دوور نەبوو لەسنورى بولگارستان دابەزين، جەمشيدخان دەبێتە باشترين قاچاغچى و جێى متمانەى ئەوانەى دەيانەوێت بچنە وڵاتى يۆنان،بەچەشنێک هەرلەسەرەتاوە هەمووان تێگەيشتن گەر بەقسەى ئەو بکەن بەئاسانى دەگەنە ئەسينا ،ناو ناوبانگى جەمشيد خان بڵا و دەبێتەوە و ڕۆمان نووس وەکو مێژوويەک باس لەو ڕووداوانى ئەو سەردەمە دەکات کەلەو ساڵا نەدا جگە لەنەتەوەى کورد نەتەوەکانى تريش کۆچيان دەکرد بۆ وڵاتانى يۆنان و وڵاتە ئەورووپيەکانى تر ڕۆمان نووس ناوى چەند نەتەوەيەک دەهێنێت،ناو ناوبانگى جەمشيدخان لەناو هەڵهاتوە ئەفغانى و پاکستانى و سريلانکيەکانيشدا بەرزبوبوەوە ،بێگومان هەموئەم ناوانەش شوێنى واقيعين. جەمشيدخان لەکارى قاچاغچێتى سەرکەوتوو نابێت و دواى ئەوەى کەسالاروجەمشيدخان دەکەونە بۆسەوە لەنزيک سنورى(توركيا)و جەمشيدخان بۆئەوەى نەکەوێتە بەردەستى سەربازە تورکەکان هەر لەئاسمان گوريسەکەى کەمەرى دەترازێنێت و بەرەو کەشکەشانى فەلەک با ڕاپێچى دەکات و هەرجارەلە وڵاتێک و لە هەرێمێک دەيکەوێنێتەوەو هەموو شتێکى بير دەچێتەوە ((هەرجارێک دەکەوێتە خوارەوە لەسەر زەمينێک و لەجێگايەکى ترەوە سەردەردەهێنێتەوە جارێک لەمالتا جارێک لەقوبرس جارێک لەکريتريا جارێک لەڕۆخەکانى ئەلبانيا جارێک لەسنورى پەلکان ،هەموو ئەم شوێنانەش شوێنى واقيعين ، کێشەى هەرەگەورەى مامم ئەوکاتە دەستى پێکرد کەکەوتە هەڕەشەى ئاشکراکردنى پەيوەندى پۆليس بەتۆڕێکى گەورەى بازرگانى کردن بەژنانى لەشفرۆشەوە کەلەباشورى عێراقەوە دەهاتن .کەمەبەست لەشارەکانى باشورى عيراقە کەئەمانەش شوێنى واقيعين.وەهەروەها زۆر شوێنى واقيعى تر لەم ڕۆمانەدا ئاماژەى پێکراوە،ماڵى ساڵحى هيندى،ماڵى بەگى هيجران،ماڵى مەجيد ژيران،ماڵى سديق پاشا،ماڵى ماڕاڵ هانيمدا،عەرەبستانى سعودى،خۆرئاواى کەنەدا،گريکستان،باکورى لاڤاريۆن،کتێبخانەى گشتى.

**شوێنى خەياڵى:**

لەسەرەتادا شوێنى ناونيشانى ڕۆمانەکە خۆى لەخۆيدا خەياڵييە جەمشدخانى مامم کەهەميشە با لەگەڵ خۆيدا دەيبرد،چوونکە لەهيچ شوێنێکى دونيادا مرۆڤ ناتوانێت بفڕێت يان با لەگەڵ خۆيدا بيبات، فڕين کارى باڵندەکانە نەوەک مرۆڤ.

ڕۆمان نووس ئەو خوليايەى خۆى لەکارەکتەرى ناو ڕۆمانەکەدا بەرجەستە دەکات ،پاشان باسى گەشتە هەواييەکانى خۆى دەکات لەبۆشاى ئاسمان کەڕۆمان نووس وەکو شوێنێکى خەياڵى و نابەرجەستە بەکارى دەهێنێت،هەروەها هەموو شوێنى فڕينەکانى جەمشيدخان بۆ بۆشاى ئاسمان خەياڵيە چونکە تاوەکو ئيستا هيچ مرۆڤێک نەيتوانيوە بەبێ هۆکارێکى يارمەتيدەرى دروستکراو بەئاسماندا بفڕێت وەکو باڵندە (يەکەم فڕينى جەمشيد لە زيندان،پاشان لەگوندى بارانۆک لەشەوێکى تاريکدا،پاشان لەبەرەکانى جەنگى نێوان وڵاتى عيراق و ئێران،فڕينى جەمشيد لەبەر عەشقێکى ناکام ، خۆشەويستى دەتوانێت هەموو پياوێک بکاتە باڵدارو بيفڕێنێت ،واتە شوێنى هەموو فڕينەکانى جەمشيد لەبۆشاى ئاسمان خەياڵين.

ڕۆمان نووس لەوەسفى خۆشەويستيدا جەمشيدخان دەکاتە باڵدارو ئامادەى دەکات تاوەکو جارێکى تر جورئەت بکات کەبفڕێت بەهەوادا،ئەگەر بەخەياڵ لەخۆشەويستى بڕوانين ئەوا تێدەگەين کەوا خۆشەويستى خۆى بريتيە لەفڕين بە هەواداو بەشوێنى خەياڵى نەبينراودا،فڕينە بەردەوامەکانى جەمشيد بۆسەربانى ماڵى سديق پاشاو سەفەرە ئاسمانيەکانى شەو لەشوێنێکى خەياڵيدايە.،جەمشيدخان لەيەک شت دڵنيابوو ئەويش ئەوەبوو کە لەدوافڕينيدا خوداى گەورەى بينيوە،.بينينى خودا لەلايەن مرۆڤەوە تەنيا لەڕۆژى قيامەت دايە، بينينى خودا لەقودرەتى ئادەميزاد دانيە،.بێگومان بينينى خودا خەياڵێکى گەورەيەو شوێنى بينينى خوداش شوێنێکى يەکجار خەياڵيە کە جەمشيدخان باسى ئەوە دەکات کەچوەتە سەرەوەو چوەتە سەر عەرشى خوداو خوداى بينيوە. بەمەبەستى بينينى خودا جەمشيدخان جارێکيتر دەکەوێتەوە سەر خوليايەکى شێتانەى فڕين دەيويست لەخودا تێبگات، تاکەشتێک کەلەخەياڵيدابوو ئەوەبوو زۆرترين پەت بکڕێت ، تابەرزتر بفڕم ئەگەرى بينينى خودا زۆرترە ، دواى چەند ڕۆژێک کەجەمشيدخان نيازى ئەوەبوو کەخودا ببينێ،ڕۆمان نووس لەشوێنێکى تردا لەسەر جەمشيدخان،شوێنەکان دەگوازێتەوە بۆبەئيمانداربوونى جەمشيد((دووگومەز کەڕۆژانى هەينى پۆلێک دەروێش دەڕژانە ناوەڕاستى گۆڕەپانەگەورەکەى و دەيانکردە زيکرو تەهليلە)) (عەلى ،٢٠١٠ل٨٤.) ،جەمشيدخان لەوتارێکى هەينيدا بەسەرهاتى خۆى دەگێڕێتەوە بۆخەڵکەکە، ڕۆژێک لەکەشکەشانى فەلەکدا خوداى بينيوەو خودا پێيگوتووە خۆت بۆموسوڵمانان دەربخەو پێيان بڵێ کەخودا فەرمانى پێداويت خەڵک بۆئيمان بانگهێشت بکەيتەوەعەلى شوێنى بينينى خودا شوێنێکى خەياڵييە.

جەمشيدخان هەموو هەينييەک دەچووە بۆشاى ئاسمان و لەسەرەوە وتارى کاريگەرى بۆخەڵکەکە دەوتەوە ، جەمشيدخان لەچيرۆکەکانيدا باسى ئەوەى دەکرد چۆن چووە بۆمەلەکوت و پلەبەپلە لەگەڵ فريشتەکاندا بەڕيواقە ڕوناک و نوسينگە ناکۆتاو ڕێگا درێژەکانيدا تێپەڕيوە، بێگومان هەموو ئەو شوێنانەى کەجەمشيد ناوى هێناون خەياڵين.ئەمجارەيان ڕۆمان نووس سەرنجى

خوێنەر بۆجەمشیدخان دەگۆڕێت و کارەکتەرەکەی بەرەو خولیاو خەیاڵی موڵکداری دەبات و خەیاڵی خۆشگوزەرانی سەفەرکردن باس دەکات.

جەمشیدخان کەوتەناو ئەو ژیانە خەیاڵیەی کەخۆی خواستی بوو بێتەدی،ڕۆمان نووس هەر لەبارەی خەیاڵەکانی جەمشید بەردەوام دەبێت ، خان لەوێش هەرخەیاڵی لەلای ئافرەت و ژیانی خۆشگوزەرانی و کەیفکردن تامردن بوو.

شوێنی کراو:

شوێنی کراوە ئەوجۆرە شوێنانە دەگرێتەوە کەواڵان لەبەردەم هەموو کەسێک و هیچ کەسێک ناتوانێت بەموڵکی خۆی دابنێت،واتە ئەوشوێنانە گشتین لەبەکارهێناندا وەک(قوتابخانە،کۆڵان،نەخۆشخانە،....هتد)لەم ڕۆمانەدا ئەم جۆرەشوێنانە بەرچاو دەکەون کە ڕۆمان نووس بۆ جێبەجێ کردنی مەبەستەکانی خۆی بەکاری هێناون.لەسەرەتای ڕۆمانەکەوە ئەوکاتەی کەجەمشیدخان لەیەکەم فڕینیدا دەکەوێتە خوارەوە با لەسەر دوکانێک بەریدەداتەوەو شاگردێک هەڵی دەگرێتەوە،دوکانەکە شوێنێکی کراوەیە.هەروەها چەندجارێکی تر ئەم جۆرەشوێنانەی بەکارهێناوە کەلەبەر زۆریان تەنیا ناوی هەندێکیان دەخەینەڕوو(مەکتەب،مزگەوت،ئەشکەوت ،بنکەی سەرەکی ئاسایش) هەموو ئەم ناوانە وەکو شوێنێکی کراوە لەناودەقەکە بەکارهاتوە.هەروەها باسی سروشت لەم ڕۆمانەدا کراوەو ئاماژە بەسروشت کراوە وەکو شوێنێکی کراوە لەبەردەم جەمشیدخاندا بۆحەشارگەو خۆشاردنەوە.گوزەرانی جەمشیدخان و هاوڕێکانی دەکەوێتە دۆخێکی دژواروناخۆش کاتێک دەڵێت: دەردەچوو بۆناو کێڵگەو باغاتی گوندە نزیکەکانی دەوروبەر کەپێکرا بەهۆی جەنگەوە چۆڵ بوبونبێگومان ئەم شوێنانەش شوێنی کراوەن.لەبەردەوامیدان بەشوێنی کراوە دەڵێت: ((جەمشید فێری گەڕانی ناوشارو پیا سەی ئێوارانی شەقامەدرێژەکان و گەشتی بناری چیاکان بوو، ئێوارەیەک خەزالی ئەدیب خان بۆکڕینی کیلۆیەک دۆندرمە لەبەردەم دوکانێکی بەناوبانگی دۆندرمەسازیدا ماشێنەکەی دەوەستێنێتجەمشیدخان ڕۆژانە چەند سەعاتێک دەچووە کافتریای لاس و غەزال کەتازە لەنزیک ماڵی حیسام خاندا کرابوەوە،شوێنی کراوە لەم ڕۆمانەدا زۆرە (ڕۆخی دەریا،بنکەی ڕۆژنامەوانی) بەڵام من بۆکورت کردنەوەی باسەکە هەرئەوەندەم لێی هەڵبژاردووە .شوێنی داخراو-:

ئەوشوێنانە دەگرێتەوە کەتایبەتن بەکەسێک یاخود چەند کەسێک،واتە لەبەکارهێناندا بۆهەمووکەسێک ناشێت و خاوەنی تایبەتمەندی خۆیانن وەک(ماڵ،ژوور....هتد).لەناو ئەم ڕۆمانەدا چەندین شوێنی داخراو بەکارهاتوون بەتایبەتی بۆدیاریکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی کەسەکان،سەبارەت بەماڵی حیسام خان دەڵێت: جەمشید نیوەڕۆیەکی درەنگ دەگاتەوە ماڵی حیسام خانی باپیرمهەروەها لەوەسفی ژوورەکەی جەمشید دەڵێت: ئەو لەژوورەکەی خۆی نەدەهاتەدەرێ کەبەچەند وێنەیەکی گەورەی مارکس و ئەنگلز ڕازاندبویەوە، لەبەردەوامیدان بەشوێنی داخراو ڕۆمان نووس جارێکیتر باس لەژوورەکەی جەمشید دەکات و دەیکاتە شوێنی خودا پەرستی و قورئان خوێندنی جەمشیدخان زۆربەیکات لەژوورەکەی خۆی خەریکی خەتم کردنی قورئان بوو. هەروەها ژووری وەکو حەشارگەیەک و شوێنێکی داخراو بەکارهێناوە ، بۆئەوکەسانەی ڕوودەکەنە وڵاتە بیانیەکان تابەهۆیەوە خۆیان لەپۆلیسی ئەو وڵاتانە بشارنەوە ،جەمشید لەماوەیەکی کەمدا دووپیری کرمانجی دۆزییەوە داوای لێکردن کەشوێنێکیان بۆدابین بکەن ، دەیانزانی کەئێمە لەپۆلیسی تورکی قاچاغین و دەبێت بمانبەنە شوێنێکی ئەمینەوە ئەوان کۆمەکیان کردین ژوورێک لەژێرخانێکدا پەیدا بکەین کەهەندێک فرۆشیارو دەستگێڕی هەژاری کرمانجی تێدا دەژیاهەر هەمان ژوور دەبێتە شوێنێکی داخراو بۆسالار چونکە دەبێتە شوێنی زیندانیکردنی سالار لەلایەن جەمشیدخانەوە،سالار هەوڵدەدات جەمشید لەوەئاگاداربکاتەوە کە ئەوکارانەی ڕۆژانە بەڕۆژنامەو ئەنتەرنێت و چاتکردن بەشەوان ئەنجامیدەدات نامرۆڤانەیە،بەم هۆکارە جەمشیدخان سالار زیندانی دەکات بەوبیانوەی خۆی لەژیانی جەمشیدوکاروبارەکانی وەردەدات ،منی لەژوورەکۆنەکەی ئەنکمدا دیل کرد ! جەمشیدخان دەفرۆشرێت بەبەڵێندەرێکی تورکی و لەشاری یاری نمایشی پێدەکرێت لەناو قەفەسێکدا،کەشوێنێکی ناهۆگرەو هەمیش شوێنێکی داخراوە.

شوێنی ئاشنا:

ئەوشوێنەیەکەمرۆڤ ئاشنایەتی لەگەڵیدا هەیە و لەلایەنی لاشەو ڕۆحەوە لێی نزیکە، دەتوانێت بەبێ ئاستەنگ هەڵسوکەوتی لەگەڵدابکات و ڕادەی هۆگری کەسەکان بەرامبەر بەشوێنەکان دیاریبکات.

ئەم جۆرە شوێنە لەم ڕۆمانەدا بەرچاو دەکەوێت کەدەچوینە ماڵی باپیرم جەمشیدخان لەژوورەکەی خۆی نەدەهاتە دەرەوە،ڕۆمان نووس لەوەسفی ژوورەکەی جەمشیدخان ئاماژە بەهۆگری ئەو ژوورە لەلای جەمشید دەکات ، ژوورێک بوو لەنهۆمی سەرەوەی ماڵی حیسام خانی باپیرم کەتەنیا جەمشیدخان دەچووە ئەو ژوورەو نەیدەهێشت کەسیتر پێبکاتە ئەوژوورەڕادەی هۆگربوونی جەمشید بەوژووره تایبەتە باس دەکات کەژوورەکەی بەچەند وێنەیەکی کەسایەتیەکان ڕازاندوەتەوە کەجەمشید بیرۆکەکانیانی بەلاوە پەسەندبوو،ڕۆمان نووس لەسەر ئەو ژوورەی جەمشید زۆردەوەستێت و لەزۆر شوێنی ڕۆمانەکە باسی دەکات.

گەڕانەوەی بۆماڵی حیسام خان دوای دوانزەساڵ دەڵێت: هەرلەڕۆژی یەکەمەوە گەڕایەوە بۆژوورەکەی خۆی لەقاتی سەرەوەی ماڵی باپیرم کەزیاد لەدوانزە ساڵ بوو جێی هێشتبوو ،لەبەردەوامیدان بەشوێنی هۆگر باس لەهۆگربوونی جەمشیدخان دەکات بەیانە شەوانەکان لەوڵاتی تورکیا جەمشیدخان ئەوشەوە چووە ژوورەوە و تاوەکو دەمەوبەیان نەهاتەدەرەوە، یان ئەو شوێنەی کە جەمشیدخان لەدواین کەوتنەخوارەوەیدا لێی دەگیرسێتەوەکەبەسەر زەمینی خۆی و دوا وێستگەی ژیانی تەماشای دەکات،ئەوشوێنە سەراپا ژیانی جەمشیدخان دەگۆڕێت و ژیانی ئاڕاستەیەکی تر وەردەگرێت چونکە لەوشوێنەدا حەکیمەکان

بەبەردەوامی چاودێری دەکەن و تەندروستی بەرەو باشی دەڕوات و بەدڵسۆزی خزمەتی دەکەن و خۆشەویستی و میهرەبانیان لێدەبارێت،ئەم شوێنە دەبێتە هۆگرترین شوێن بۆجەمشید.هەروەها چەندین شوێنی تر لەوانە(حەشارگە) ی ، وەکو شوێنێکی هۆگر بەکارهێناوە.

**شوێنی نائاشنا:**

بەپێچەوانەی شوێنی هۆگرەوە یە،ئەم جۆرەیان لەگەڵ سروشتی مرۆڤ ناگونجێت و هیچ ئاشنایەتیەک لەنێوانیاندا نیە،واتە ئەوشوێنانە دەگرێتەوە کەمرۆڤ حەز بەچارەیان ناکات و هەتا بۆی بکرێت خۆی لێیان دووردە کا تەوە.ئەم جۆرە شوێنە لەم دەقەدا بەرچاو دەکەوێت و ناهۆگری جەمشیدخان بەرامبەر بەگەلێک لەشوێنەکان دیاریدەکات،گەیشتنی فایلەکەی جەمشید بۆبەردەستی وەزیری بەرگری و وەزیر داوای لێدەکات لەبەرەکانی جەنگدا خزمەت بەوڵات و سەرۆک بکاتدوای ئەوەی جەمشیدخان ئارەزوناکات بچێتەوە ئاسمان،داوای لێدەکرێت کەبچێتەوە بۆشایئاسمان،ڕۆمان نووس باس لەشەڕی عیڕاق و ئێران دەکات و مێژووی ئەوڕۆژانە دەگێڕێتەوە ، شوێنی جەنگ بۆ جەمشید شوێنێکی ناهۆگرە، یەکێکی تر لەشوێنە ناهۆگرەکان شوێنی سۆزانییەکان بوو بۆ (سالار) کەلەگەڵ جەمشیدخان دەچوون بۆشوێنی سۆزانیەکان سالار ناچاردەبوو تاوەکو دەمەوبەیان چاوەڕوانی جەمشیدخان بکات و لەدەرەوەی ماڵەکە بوەستێ ، من لەدەرەوەی خانووەکەو لەسەرشەقامەکان وەستام و تەنیا سەیری ڕێبوارەکانم دەکرد ،

جەمشیدخان دەکەوێتە بەردەستی یەکێک لەبەرپرسەکانی خۆمان کەبە (شاسواربەگی هیجری) ناسراوە ((ئەوشەوەی کەمامم دابەزی شاسواربەگ یەکسەر فەرمانیدا کەمامم لەشوێنێکی قایمدا دیلبکەن نەبا بچێتە خەیاڵییەوەو هەڵبێت ، بەگی هیجری هەمان شەو تەلەفۆنی بۆئاسنگەرێک کرد کەقەفەزێکی گەورەی بۆدروست بکات و پەتێکی قوڵفداری بۆ سازبکات،ئیتر ئەم قەفەزە دەبێتە ناهۆگرترین شوێن بۆجەمشیدخان و لەم قەفەزەدا ژیانێکی ناخۆش دەبینێ چونکە ئەودەبێتە لێبوک و گاڵتەجاڕی منداڵان و کەرامەتی جەمشید لەکەدار دەکات و ناوبانگی بە (مەیمونە باڵدارەکە) بڵاودەبێتەوە.

**ئەندامەشوێن:**

ئەندامەشوێن ئەوکاتە دەبێتەشوێن ئەگەر بارستەیەک لەخۆبگرێت ئەمجۆرەشوێنە لەم ڕۆمانەدا بەدوو جۆر دەرکەوتووە:

-١ئەندامەشوێنی بەرجەستە:-ئەوشوێنانە دەگرێتەوە کەلەیەکێک لەئەندامانی جەستە دروست دەبن ، ئەندامەکە وەک بۆشاییەک شوێنی قەبارەیەکی تێدادەبێتەوە.ئەم جۆرەشوێنە لەم ڕۆمانەدا بەرچاودەکەوێت،لەباسی جەمشیدخاندا لەبەرکەم کێشی جەمشید دەبوو بەهەڵگرتن و کردنەباوەشی لەماڵەوە تاوەکو ناوسەیارە لەلایەن سالارەوەکەواتە باوەشی سالار دەبێت بەشوێنی حەوانەوەی جەمشیدخان.

جەمشید ئەودەمە لە با دەترساو کەدەچووە دەرەوە توند خۆی بەسالارەوە دەبەست و خۆی دەکردەباوەشی،بێگومان باوەشی سالار ئەندامەشوێنە.جەمشیدخان لەگەڵ هەربەربوونەوەیەک توشی لەبیرچوونەوە دەبێت،دەیەوێت لەوڵات بڕوات بەڵام شتێکی هەبێت کەبزانێت ئەوکێیەو لەڕابردوودا چی کردووە،لەسەرئەندامەکانی جەستەی هەمووشتێک دەنووسێت لەسەرداوای سالارخان و بەیارمەتی تاتۆکێشێک پێکەوە لەسەر لەشی جەمشیدخان دانیشتن وەک ئەوەی ئەو کتێبێبک بێت،دێڕدێر کەوتنەکورتکردنەوەی ژیانی و بەوشە کەوتنە کوتانی ئەولەشە تەنک و لاوازەی سنگی ،پشتی ، زگی ، قاچەکانی تادەگاتە بنی پێی ، دەستەکانی تادەگاتە نێولەپی ، بێگومان هەموو ئەمانە ئەندامە شوێنی بەرجەستەن.

-ئەندامەشوێنی نابەرجەستە:-ئەوشوێنانە دەگرێتەوە کەبەشێوەیەکی واتای باسی دەکرێت و لەهزرو ڕوح و ناخی پاڵەوانەکەوە دروست دەبێت.خۆشەویستی جەمشیدخان بۆسا فیناز لەئەندازە بەدەرە و جەمشید سافینازی بە جۆرێک خۆشدەوێت کەلەڕوح و دڵی هەڵی دەگرێت.ئەم نموونانەو چەندین شتی تری وەک (هزرو ناخ و خەیاڵ و روح...) وەک شوێنی دانانی شت بەکاری هێناوە کەلەبنچینەدا بوونێکی بەرجەستەیان نیە و بەنابەرجەستەی دەردەکەون وەک لەهزری جەمشیدخاندا هەیە کەتیۆرێک بۆمرۆڤ یاخود بۆبنیاتی مرۆڤ دابنێت و بیسەلمێنێت کەمرۆڤ لە باڵندە وە گەشەی کردوە نەک لەمەیمون .

.

**ئەنجام**

-١شوێن ڕەگەزێکی سەرەکی ڕۆمانەو شان بەشانی باقی ڕەگەزەکانی تری ڕۆمانە کە هەموویان پێکەوە بواری خولقاندنی ڕووداوەکان و پوختەکردنی دەق پێک دەهێنن.

٢- شوێن تەنیا وەک ڕەگەزێکی ڕۆمان دەرناکەوێت، بەڵکودەچێتە ناو کرۆکی ڕووداوەکان و گۆشەنیگای نووسەریش پێکدەهێنێت و لەهەمان کاتیشدا دەبێتە دەربڕی دەروونی کەسەکان و کار لەهەڵسوکەوتیان دەکات.

٣- بەکارهێنانی شوێن لەنووسەرێکەوە بۆنووسەرێکی تر دەگۆڕێت، واتە جێگیر نیەو هەرنووسەرێک لەدەقێکدا دەتوانێت چەند جۆرە شوێنێک بەکاربهێنێت، هەروەک چۆن ڕەخنەگرانیش لەباسکردنی شوێن و جۆرەکانی شوێن خاوەنی یەک بۆچوون و بڕوا نین.

٤- لەم دەقەدا جۆرەها شوێن بەکارهاتووە، کەڕۆمان نووس بەکاری هێناون بۆڕونکردنەوە یان بۆ ئاشکراکردنی نهێنیەک بەکارهاتوون، هەرچەندە لەزۆر شوێنی دەقەکەدا دەبینین شوێنی خەیاڵی و واقیعی تێکەڵ بەیەکتری کراون ، ئەمەش بۆجوانکرنی تێکستەکە لەلایەکەوەو ڕاکێشانی سەرنجی خوێنەر لەلایەکی ترەوە بەکارهێنراون.

٥- لەڕێگای شوێنەوە دەتوانین واقیع بینی نووسەر دەربخەین لەبەکارهێنانی شوێنی واقیعی و بردنیان بۆناو دەقێک و تێکەڵ کردنیان لەگەڵ هزروخەیاڵی نووسەر، کەئەمەش گرنگی و پربایەخی شوێنمان بۆدەردەخات.

**پەراوێزەکان**

١- پەرێز سابیر، بیناى هونەرى چیرۆکى کوردى لەسەرەتاوە تاکۆتاى جەنگى جیهانى دووەم ، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم ، چاپى یەکەم ، سلێمانى ٢٠٠١،ل٣٢٣

٢- سامان فەوزى، ، ڕۆمان بەرەوکوێمان دەبات ، لە بڵاوکراوەکانى وەزارەتى ڕۆشنبیرى ، چاپى یەکەم ، سلیمانى . ٢٠٠٠، ل٢٣

٣- مەریوان تۆفیق- هیوا تاوەگۆزى ، شاروشارچێتى ، چاپخانەى سیما ، چاپى یەکەم ، سلێمانى، ٢٠١٢، ل٤٠

٤- عەبدوڵا ، عەبدولتەلەب، ١٩٩٥ ، شوێن کاتى یەکەم لەدووەم و ئێستاى سەگومڕ ، گۆڤارى پەیڤین ، سلێمانى ، ژمارە،ل١٣٧

٥- سەراج ،عەبدوڵا ، ٢٠٠٧ ،بەرەو ئەستانەى ڕۆمان و گۆشەنیگاکان ، دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم ، چاپى یەکەم ،سلێمانى،ل٤٩.

٦- سامان فەوزى، ڕۆمان بەرەوکوێمان دەبات، ٢٣،٢٠٠٠.

٧- ئارى عوسمان خەیات ، ڕووداو لەبنیاتى دەقى ڕۆماندا ، گۆڤارى ڕامان ، لەبڵاوکراوەکانى دەزگاى ڕامان ، هەولێر ، ژمارە ١٦٧ ، ٢٠١١،ل٨٠.

٨- میران جەلال محەممەد، بنیاتى ئاوداو لەڕۆمانى کوردیدا ، چاپخانەى ڕەنج ، چاپى یەکەم ، سلێمانى، ٢٠٠٩ ،ل١٣

٩- عادیل مجیدگەرمیانى، ڕیالیزم لەڕۆمانى کوردى هاوچەرخ لەعێراقدا ، نامەى ماستەر ، زانکۆى بەغداد-کۆلێژى پەروەدە ، بەغدا، ١٩٩٦ ،ل٦.

١٠- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکاى شوێن لەئەدەبدا ، چاپخانەى ئەرابخا ، چاپى یەکەم ، کەرکوك،٢٠٠٥، ل٢٥.

١١- کاوە جلال، تیۆرى کات و شوێن لەلاى پلاتۆن ، گۆڤارى ئاییندە ، لەبڵاوکراوەکانى دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم ، سلێمانى ، ژمارە ٨٠،٢٠٠٨،ل٤٢.

١٢- مستەفا ساڵح مستەفا، شوێن لە ڕۆمانى شارى مۆسیقارە سپیەکان ، گۆڤارى کاروان ، لەبڵاوکراوەکانى وەزارەتى ڕۆشنبیرى ، هەولێر ، ژمارە ٢٢٠ ،٢٠٠٧ ،ل٨

١٣- سابیر رەشید،ڕۆمانى کوردى ، دەزگاى چاپ و بلاٍوکردنەوەى ئاراس ، چاپى یەکەم ، هەولێر،٢٠٠٧،ل١٥٠.

١٤- نەجات حەمید ئەحمەد، شوێن مانەوە.....شوێن وەك بەهایەکى سۆفى گەرى ، گۆڤارى کاروان ، لەبلاٍوکراوەکانى وەزارەتى ڕۆشنبیرى ، هەولێر ، ژمارە ٢٢٦، ٢٠٠٨،ل٤٩.

١٥- ئارى عوسمان خەیات ، ڕووداو لەبنیاتى دەقى ڕۆماندا،٢٠١١،ل٨٠.

١٦- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکاى شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٢٩.

١٧- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکاى شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٣٠.

١٨- مستەفا ساڵح مستەفا، شوێن لە ڕۆمانى شارى مۆسیقارە سپیەکان،٢٠٠٧،ل٧.

١٩- دانا عەسکەر قادر، فەلسەفەى فڕین لەناکات لەرۆمانى جەمشید خانى مامم دا ،چاپخانەى ئەرابخا،چ١،٢٠١٢،ل٢٤.

٢٠- ئەژى گۆران، ،ڕۆمان و پیشەى نوسینى ڕۆمان ، دەزگاى ڕۆشنبیرى و بڵاوکردنەوەى کوردى ، بەغداد ،١٩٨٢،ل٤٩.

٢١- دانا عەسکەر قادر، فەلسەفەى فڕین لەناکات لەرۆمانى جەمشید خانى مامم دا،٢٠١٢،ل٢٦.

٢٢- عەبدولرحمان مونیف،تیشکێك بۆسەر ڕۆمان ، و.شیرین.ك ،دەزگاى چاپ و پەخشى سەردەم ، چاپى یەکەم ، سلێمانى،٢٠٠٦، ل٨٢.

٢٣- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکاى شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٢٠.

٢٤- عەبدوڵا سەراج ، ڕۆمانى(کاوڵاش) ،ئارین،چ١، هەولێر،١٩٩٧ ، ل٨.

٢٥- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکاى شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٣٠.

٢٦- سامان فەوزی، ، ڕۆمان بەرەوکوێمان دەبات، ٢٣،٢٠٠٠.

٢٧- حەننا عەبود،لەبارەی مێژووی ڕۆمانەوە ، و.عەبدولڵاەحمان ،چاپخانەی منارە ، چاپی یەکەم ، هەولێر،٢٠١٠،ل١١.

٢٨- میران جەلال محەمەد، بنیاتی أووداو لەڕۆمانی کوردیدا،٢٠٠٩،١٣١.

٢٩- سابیر رەشید،ڕۆمانی کوردی،٢٠٠٧،ل٣٢١.

٣٠- مستەفا ساڵح مستەفا، شوێن لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکان،٢٠٠٧،ل٨.

٣١- پەرێز سابیر،بیناى هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تاکۆتای جەنگی جیهانی دووەم ،٢٠٠١،ل٣٢٨.

٣٢- هاشم ئەحمەد زاردە،٢٠١١،ل٣.

٣٣- مستەفا ساڵح مستەفا، شوێن لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکان،٢٠٠٧،ل٩.

٣٤- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٩.

٣٥- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٣٧.

٣٦- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٣٦.

٣٧- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٩٣.

٣٨- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٤٠.

٣٩- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٣٢.

٤٠- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٤٢.

٤١- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٥٤.

٤٢- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٤٢.

٤٣- پەرێز سابیر،بیناى هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تاکۆتای جەنگی جیهانی دووەم ،٢٠٠١،ل٣٢٦.

٤٤- مستەفا ساڵح مستەفا، شوێن لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکان،٢٠٠٧،ل٩.

٤٥- مستەفا ساڵح مستەفا، شوێن لە ڕۆمانی شاری مۆسیقارە سپیەکان،٢٠٠٧،ل٩.

٤٦- پەرێز سابیر،بیناى هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تاکۆتای جەنگی جیهانی دووەم ،٢٠٠١،ل٣٣٢

٤٧- پەرێز سابیر،بیناى هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تاکۆتای جەنگی جیهانی دووەم ،٢٠٠١،ل٣٣٨.

٤٨- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٥٦.

٤٩- تانیا ئەسعەد محمد ساڵح، ،بینای شوێن لەدوو نمونەی ڕۆمانی کوردیدا(هێلانە،ئەژدیها) ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سەڵاحەدین-کۆلێژی زمان ، هەولێر،٢٠٠٦، ل٨.

٥٠- سەباح ئیسماعیل، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا،٢٠٠٥،ل٥٨.

## سەرچاوەکان

### ا-کتێبەکان


-١ ئیسماعیل ، سەباح ، ٢٠٠٥ ، چەمك و ستاتیکای شوێن لەئەدەبدا ، چاپخانەی ئەرابخا ، چاپی یەکەم ، کەرکوك. ,

-٢رەشید ، سابیر، ٢٠٠٧ ،ڕۆمانی کوردی ، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، چاپی یەکەم ، هەولێر. ,

-٣سەراج ،عەبدوڵا ، ١٩٩٧ ، ڕۆمانی(کاوڵاش) ،ئارین،چ١، هەولێر.,

-٤سەراج ،عەبدوڵا ، ٢٠٠٧ ،بەرەو ئەستانەی ڕۆمان و گۆشەنیگاکان ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ،سلێمانی.,

-٥سابیر ، پەرێز ،٢٠٠١، بینای هونەری چیرۆکی کوردی لەسەرەتاوە تاکۆتای جەنگی جیهانی دووەم ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی. ,

-٦عەبود ، حەننا ،٢٠١٠ ،لەبارەی مێژووی ڕۆمانەوە ، و.عەبدولڵاەحمان ،چاپخانەی منارە ، چاپی یەکەم ، هەولێر. ,

-٧فەوزی سامان ، ٢٠٠٠، ڕۆمان بەرەوکوێمان دەبات ، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، سلیمانی. ,
-٨گۆران ، ئەژی، ١٩٨٢ ،ڕۆمان و پیشەی نوسینی ڕۆمان ، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی ، بەغداد.,
-٩مەریوان تۆفیق- هیوا تاوەگۆزی ، ٢٠١٢، شاروشارچێتی ، چاپخانەی سیما ، چاپی یەکەم ، سلێمانی. ,
-١٠محەمەد ،میران جەلال، ٢٠٠٩ ، بنیاتی ڕووداو لەڕۆمانی کوردیدا ، چاپخانەی ڕەنج ، چاپی یەکەم ، سلێمانی.,
-١١ مونیف ، عەبدولرحمان ، ٢٠٠٦ ، تیشکێك بۆسەر ڕۆمان ، و.شیرین.ك ،دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی,

ب-لێکۆڵینەوەکان

-١ ساڵح ، تانیا ئەسعەد محمد، ٢٠٠٦ ،بینای شوێن لەدوو نمونەی ڕۆمانی کوردیدا(هێلانە،ئەژدیها) ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی سەڵاحەدین-کۆلێژی زمان ، هەولێر.,
-٢قادر ، دانا عەسکەر، ٢٠١٢ ، فەلسەفەی فڕین لەناکات لەرۆمانی جەمشید خانی مامم دا ،چاپخانەی ئەرابخا،چ١.,
-٣گەرمیانی ، عادیل مجید ، ١٩٩٦ ، ڕیالیزم لەرۆمانی کوردی هاوچەرخ لەعێراقدا ، نامەی ماستەر ، زانکۆی بەغداد-کۆلێژی پەروەدە ، بەغداد.,

ج-گۆڤارەکان

-١ ئەحمەد ، نەجات حەمید ، ٢٠٠٨ ، شوێن مانەوە.....شوێن وەك بەهایەکی سۆفی گەری ، گۆڤاری کاروان ، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ژمارە ٢٢٦.,
- ٢ئیسماعیل ، سەباح ، ٢٠٠٣ ، چەمکی شوێن و جوانکارییەکانی لەلای"یاسین النسیر"،گۆڤاری نەوشەفەق، کەرکوك ، ژمارە ٥.,
– ٣جلال ، کاوە ٢٠٠٨ ، تیۆری کات و شوێن لەلای پلاتۆن ، گۆڤاری ئاینده ، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ژمارە ٨٠.,
-٤خەیات ، ئاری عوسمان ، ٢٠١١ ، ڕووداو لەبنیاتی دەقی ڕۆماندا ، گۆڤاری ڕامان ، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕامان ، هەولێر ، ژمارە ١٦٧.,
-٥عەبدوڵا ، عەبدولتەلەب، ١٩٩٥ ، شوێن کاتی یەکەم لەدووەم و ئێستای سەگوەر ، گۆڤاری پەیڤین ، سلێمانی ، ژمارە.,
-٦ مستەفا ، مستەفا ساڵح، ٢٠٠٧ ، شوێن لە ڕۆمانی شاری مۆسیقاره سپیەکان ، گۆڤاری کاروان ، لەبڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، هەولێر ، ژمارە ٢٢٠ .

**summary**

**The element of space is one of the main elements of the novel so that its effects are very much on all other elements of the novel together with other elements that complement the artistic structure of the novel.**

**The place has become so important to all the novel writers that the success and beauty of the novel lies in how to use the place and narrate the events in it beautifully**

**In the novel that became non-artistic and unsuccessful. This study is entitled "The Place in the Novel of My Uncle Jamshid Khan...) by the novelist Bakhtiar Ali dealing with the subject of the place and its use in the novel because the novelist in this novel emphasizes the element of the place with the other elements of the novel to reach a wonderful artistic summit. This study consists of the introduction and three chapters and a result, and each chapter is divided into two branches**

**It consisted of a short research into the study of those reasons that led me to go into this subject.**

**Chapter ١: - We talked about the element of the place in general and the effects of this element in the novel and the role of the place from the novel. And the effects of the place on characters and events.**

**Chapter ٣: - We talked about the identification of the types of place in some Western and Eastern writers and some of the Book of Kurds, and the effects of using the element of the place from a novel**